پوختەی کتێبەکە:

ئەگەرچی ناتوانین نکۆڵی بکەین لە ڕۆڵ و گرنگیی کیندی لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا، بەڵام گەر بە مانایەکی تایبەتتر لە فەلسەفاندن، قسە لە فەلسەفەی ئیسلامی بکەین، فارابی (٨٧٠-٩٥٠ ز) دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەو فەلسەفەیە .

هەندێك لێکدانەوەی جیاواز و جۆراوجۆر و هەندێك جار نزیك لە یەك، بۆ ناوزەندکردنی ئەم فەیلەسووفە بە "مامۆستای دووەم" هەن، ئەم لێکدانەوانە بەگشتی نزیکن لە ڕاستییەوە و بە هەریەك لەو مانایانە فارابی بە تەواوی شایستەییەوە مامۆستای دووەمە. بەڵام دوو ڕاستی هەن، کە دەبێت لەیادیان نەکەین: یەکەمیان پەیوەندیی بە فەلسەفەی ئیسلامییەوە هەیە و بریتییە لەو هەقیقەتەی کە تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بەم فەلسەفەیەوە هەبێت، فارابی مامۆستای یەکەمە، نەك مامۆستای دووەم. دووەمیان پەیوەندیی بە جەختێکەوە هەیە لەسەر ئەرستۆ، چ بەو مانایەی کە ئەرستۆ ناسراوە بە مامۆستای یەکەم و فارابی بە مامۆستای دووەم، چ بەو مانایەی کە فارابی لە پەیوەندیدا بە ئەرستۆوە ئەم نازناوە وەردەگرێت، لە پەیوەندیدا بە ئەرستۆوە بە مانای گەورەترین ڕاڤەکاری ئەرستۆ و بیرمەندی لۆژیك لە دوای ئەو .

ئەوەی من لەم سەرتایەدا بیری لێ دەکەمەوە وەك دەروازەیەك بۆ قسەکردن لەبارەی فارابییەوە، هەوڵدانە بۆ بیرکردنەوەیەکی دیکە لە نازناوی مامۆستای دووەم؛ بیرکردنەوە لەم نازناوە نەك لە پەیوەندیدا بە ئەرستۆوە، هەروەها نەك لە پەیوەندیدا بە ئەفلۆتینەوە، کە فارابی شایستەی نازناوی گەورەترین ئەفلۆتینییە لە دوای ئەفلۆتین، یاخود گەورەترین فەیلەسووفی ڕێبازی ئەفلۆتینیزمی نوێیە، لە دوای ئەفلۆتین، بەڵکو لە پەیوەندیدا بە میراتی ئەفلاتوونی و خودی ئەفلاتوون خۆیەوە، مەبەستم ئەوەیە کە بیر لە نازناوی مامۆستای دووەم بە شێوەیەك بکەینەوە کە مامۆستای یەکەم ئەفلاتوون بێت، نەك ئەرستۆ؟

گومان لەوەدا نییە کە ئەفلاتوون شیاوترە بە نازناوی مامۆستای یەکەم، ئەرستۆ چارەکە سەدەیەك لە تەمەنی خۆی خوێندکاری ئەو بووە و دەرچووی ئەکادیمیاکەی ئەوە. مەبەست لە هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕەیە، نەشکاندنی نەریتێکە لە مێژووی فەلسەفەدا و نە کەمبایەخکردنی ئەرستۆ و نە دروستکردنی ناکۆکییەکی توندیشە لە نێوان ئەفلاتوون و ئەرستۆدا، کە بەتایبەت ئەمەی دواییان، لە وتارێکدا لەبارەی فارابییەوە شیاو نییە، چونکە فارابی هەندێك لە هەوڵ و بیرکردنەوەی فەلسەفیی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردن بە نەریت و ترادسیۆنێك و بگرە هاوبەشیی کردووە لە دامەزراندنیدا، فارابی هاوبەشیی کردووە لە دامەزراندنی ترادسیۆنێکدا بۆ بیرکردنەوە لە تەبایی فیکری و هاوڕایی ئەفلاتوون و ئەرستۆ. نوسەری التوفيق بين رأى الحكيمين جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە جیاوازیی نێوان ئەفلاتوون و ئەرستۆ، پەیوەندیی بە مەسەلە ڕواڵەتی و لاوەکییەکان و جیاوازیی داڕشتنیانەوە هەیە، ئەگینا ئەفلاتوون و ئەرستۆ هاودەنگ و تەبان و گەوهەری بیرکردنەوە و فەلسەفەکەیان هەر یەکە .

لە دەسپێکی وتارێکدا دەربارەی ئەم فەیلەسووفە، شیاو نییە بیرکردنەوە لە مامۆستای یەکەم (ئەفلاتوون) بەو مانایە بێت کە ناکۆکییەکی توند لە نێوان ئەفلاتوون و ئەرستۆدا هەیە و ئەم ناکۆکییە دەشێت خزمەتێك بە تێگەیشتنی باشتر لە فارابی بکات .

گومان لەوەدا نییە کە شیاوە گەر کەسێك یاخود ئێمە خۆمان لە وتارێکدا، بیر لەوە بکەینەوە کە گەوهەری ئەو هەوڵ و خۆتەرخانکردنەی فارابی بۆ چ مەبەستێکە، ئایا ئەم هەوڵە و بگرە خودی ئەو نەریت و ترادسیۆنە بەگشتی، ئەفلاتوونیزەکردنی ئەرستۆیە یاخود بە پێچەوانەوە، بەڵام تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بەم وتارەوە هەبێت، ئامانج لە هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕەیە شتێکی دیکەیە .

بە شێوەیەکی گشتی، ئێستا مامۆستا باشەکان کە بە داخەوە لەچاو ڕێژەی مامۆستاکاندا (ئەوانەی پێیان دەگوترێت مامۆستا) کەمن، وانەکان دەڵێنەوە، بەڵام مامۆستاکان لەم ترادسیۆنە فەلسەفییەدا کە نازناوی مامۆستای دووەم بە فارابی دەبەخشێت، وانەکان دادەڕێژنەوە، نەریتەکانی خوێندن و بیرکردنەوە دادەمەزرێنن. وانەیەکی دی لەبارەی هەمان کێشە و پرس و بابەتەوە دەڵێنەوە، وانەیەك کە جگە لە ئامادەیی تەواوی وانەی یەکەم و ئاگاداریی قووڵ لە بەها و گرنگییەکانی ڕەخنە و پێداچوونەوە و داڕشتنەوە و دواجار دید و خوێندنەوەی نوێش لەخۆ دەگرێت.

چارەنووسی سۆکرات چارەنووسی فەلسەفەیە: ئەم ڕستەیە لە نەست و نادیاری کۆماردا ئامادەیی هەیە، ئەم ئامادەییە لە شێوەی پرسیارێکدا هەندێك دیار و بەرجەستە دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەو ناکۆکییە چییە لە نێوان فەلسەفە و شاردا هەیە؟ فەلسەفە لە چ شارێکدا دەتوانێت بژی و هەڵبکات؟ دەبێت شار چۆن بێت بۆ ئەوەی فەلسەفە تێیدا بژی؟

ئەفلاتوون لە کۆماردا ئەگەرچی لە هەموو سیستمەکانی فەرمانڕەوایی لە شاردا دەکۆڵێتەوە و ڕەخنەیان لێ دەگرێت و سروشتیان دەخاتە ڕوو، ئایدیاکانی خەڵکەکەی لەمەڕ دادپەروەری و فەرمانڕەوایی و ئامانجی ژیان لە شاردا تاقی دەکاتەوە، بەڵام دوا بەرەنجام کە لەم ڕووەوە پێی دەگات، ئەوەیە کە شاری ڕاستەقینەی فەلسەفە، ڕۆحە، باشترین ڕێکخستن وابەستەی باشترین فۆرم و مۆدێلەکانی بوونە، بالاترین فۆرمی بوون جیهانی ئایدیالەکانە، ئایدیالەکان لە نێو عەقڵدان، لە نێو ڕۆحدان، بەم شێوەیە باشترین ڕێکخستن تەنها لە نێو عەقڵدایە، باشترین ڕێکخستن ڕێکخستنی عەقڵە لە نێو خودی عەقڵ خۆیدا، ئامانجی فەلسەفە لە ڕێکخستنی ڕۆح و شار، خودی فەلسەفە خۆیەتی، فەلسەفاندن، یاخود ڕاستتر بڵێم فەلسەفە، ناچێتە خزمەت هیچ ئامانج و پرۆسە و مەبەستێکی دیکەوە، بەڵکو ئامانجی فەلسەفە خودی فەلسەفە خۆیەتی، بێگومان ئەمە بە مانای بێکەڵکی و بێمانایی، یاخود بێئەنجامیی فەلسەفە نییە، بەڵکو زۆر بە ڕاشکاوی بەو مانایەی کە فەلسەفە شای ئامانجەکانە و خۆی ئامانجی خۆیەتی و لە خۆی بالاتر ئامانجێك نییە بۆ ئەوەی چاوی تێبڕێت، هەموو شتێك لەپێناو مەعریفە و مەعریفەش لەپێناو مەعریفە خۆیدا، چونکە گەر وا نەبێت، نە دوا ئامانج بوونی دەبێت و نە لە گێژاوی ئامانجدارێتییەك ڕزگارمان دەبێت، کە خۆی خودی گێژاو و بێئامانجی و بێمانایییە !

هەموو سیستمە سیاسییەکان سەرەولێژ دەبنەوە و دواجار سیستمێکی پەست و نزمتر لە خۆیان بەرهەم دەهێنن و ئەم هەرەسە یەك لە دوای یەکەی سیستمە سیاسییەکان هۆکارە سەرەکییەکەی لەدەستدانی ئەو یەکێتی و تەبایییە مەزنەیە، کە لە نێو ڕۆحدا هەیە، کە لە بنەڕەتدا لەدەستدانی یەکێتی و تەبایی ڕۆح لەگەڵ خۆیدا و لە نێو خۆیدا (کە ئەمەیە دواجار دەبێتە هۆی لەدەستدانی یەکێتی و تەبایی لە نێو شار و لە نێو سیستمە سیاسییەکانیدا)، خۆی دەگەڕێتەوە بۆ پەشێویی عەقڵ و لەدەستدانی عەقڵ بۆ ئەو یەکێتی و تەبایی و هارمۆنییەتەی کە پێویستە تێیدا بێت بۆ ئەوەی خۆی بێت، سادە و سەرەکیترین ماناکانی عەقڵ هەر ئەمەیە، خەڵکی شار، کار و کردەوەی خراپ

دەکەن، شارەکانیان بە خراپی ڕێك دەخەن، ناڕێکی و نەشازی بە ژیانیانەوە لە شاردا بەدی دەکرێت، بە هۆی ئەوەی کە هەڵسوکەوت و هەڵوێست و کار و کردەوە و جموجۆڵی ناڕێك و نەشازیان هەیە و لێیان دەوەشێتەوە، واتە ڕەگوڕیشەی ناهەمواریيە سیاسییەکان لە نێو ناهەمواریيە ئەخلاقییەکاندایە، خەڵکی شار هەڵسوکەوت و کار و کردەوەی نەشاز و ناهەموار دەنوێنن و سەرپێچیی یاسا دەکەن بە هۆی ناهەمواریيە ڕۆحییەکانیانەوە، بە هۆی ئەو ململانێ و ناڕێکییانەوە کە لە نێو هێزەکانی ڕۆحیاندایە، دواجار ناهەمواریيە ڕۆحییەکانیش هۆکارەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناهەمواری و ناڕێکی و نەشازییەی لە بیرکردنەوە و لە عەقڵیاندایە، بە هۆی نەزانینەوە. هەر بۆیە ڕێکخستنی عەقڵانییانەی خودی عەقڵ و بیرکردنەوە و هەوڵدان لەپێناو باشترین ڕێکخستنی عەقڵیدا بۆ خودی عەقڵ خۆی لە ڕێگەی تێڕامانەوە لە خودی عەقڵ خۆی و لە ڕێگەی ڕێکخستن و هەڵسەنگاندنی شێوازی بیرکردنەوە و ئیمتیحانکردنی ئەو بیرۆکە و ئایدیایانەوە، کە لەسەر ژیان و بوون و ڕاست و هەڵە و چاکە و خراپە هەڵی گرتووە، ئەمەیە ئامانجی گشت ئامانجەکانمان و دەبێت هەموو شتێکی دیکە لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجەدا بێت. هەڵەیەك لە سروشت و لە بواری گشتیدا نییە، هەڵەکە لە بیرکردنەوەی خەڵکەوەیە لەو چەمکانە، هەر بۆیە ئامانجی دەسەڵاتی سیاسی و هەموو خەڵك، هەموو ئەوانەی کە لە شارێکدا دەژین. هەروەها زەروورەتی سیستمی سیاسی و یاسا و فەرمانڕەوایەتییش هەر لێرەوە دێت. هەر بۆیە پێویستە چاو ببڕنە ئەوەی کە هاڕمۆنییەت بۆ مرۆڤەکان بگێڕنەوە، هاڕمۆنییەت لە هەڵسوکەوت و هەڵوێست و ڕەفتاردا، لە ڕێگەی پەروەردە و ڕاهێنانەوە، لە ڕێگەی گێرانەوەی هاڕمۆنییەتەوە بۆ نێو عەقڵ و ڕۆحیان، کە هەر ئەمەیە ئامانجی پەروەردە و فێرکردن. سیاسەت و سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی دەبێت ئەمە ئامانجی بێت، کە ئەمە خۆی بە مانای ئەوە دێت کە شارێك دروست بکات و ڕێکی بخات بە شێوەیەك کە لە فەلسەفە بچێت، ئارگومێنتەکانی بە باشی داڕێژراو بن و ڕستەکانی تەواوکەری یەکدی بن و لەسەرخۆ بەرەو دوا مانا و دوا ئامانج بچن. بە کورتی دەتوانین بڵێین مەرگەساتی سۆکرات لە کۆماردا و لای ئەفلاتوون بەو شێوەیە دەکەوێتەوە، کە شار دەبێت بە شێوەیەك ڕێك بخرێتەوە تا لەگەڵ یەکێتی و هاڕمۆنییەتی تەواوی عەقڵدا بگونجێت و خۆی بەرجەستەبوونی ئەو ئایدیالە بێت کە سەروەریی عەقڵ و فەلسەفەیە.

فەلسەفە کە لە دیدی ئەفلاتوونەوە لە خودی سۆکراتدا بەرجەستە دەبێت، دەبێت بەرز و باڵاتر و مەزنتر بێت لەوەی کە ململانێ و کێشە و ناکۆکیی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بتوانێت چاودێریی بکات یاخود سزای بدات یان کێشی بکاتە نێو ململانێکانەوە، چونکە ئەمە سروشتی بنەڕەتیی فەلسەفە خۆیەتی، کە پێوەر و پێوانەی هەقیقەتە نەگۆڕەکان بێت و شار ڕێك بخات و چەمکەکان دەستنیشان بکات و پێناسەیان بکاتەوە و شار و هاونیشتمانییان بەرەو دادپەروەری و جێگیربوون ببات و چاودێریی ڕەوتی شار بکات. فەلسەفە پێویستی بە شار نییە، دابەزینی فەیلەسووفیش بۆ ئاستی فەرمانڕەوا و سەرپەرشتیی شار، ئەرك و بەرپرسیارێتییەکە بە ناچاری و لەپێناو چاکەی گشتیدا فەیلەسووف دەیخاتە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوەی کە تەنها فەلسەفە لە توانایدایە چەمکەکان بە باشی بناسێت و سنوورەکانی و ماناکانی دەستنیشان بکات، تەنها فەلسەفە دەتوانێت پێمان بڵێت کە دادپەروەری چییە و ستەم چییە، تەنها ئەو دەتوانێت چاکە و خراپەمان بۆ دەستنیشان بکات و بەرەو چاکە و دادپەروەریی دەستمان بگرێت، تەنها فەلسەفەیە کە تاکە ئامانجی لە بواری گشتیدا چاکەی گشتییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە دوا ئامانجی فەلسەفە خودی فەلسەفە خۆیەتی، هەر لێرەشەوەیە کە دەتوانێت داوەرێکی بێلایەن و مایەی ئارامی و جێگیریی شار بێت .

ئەفڵاتوون لە کۆماردا هۆکارێکی بنەڕەتیی ململانێ و ستەم دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازیی تاکەکان لە تێگەیشتن و بەکارهێنانیاندا بۆ دەستەواژەکانی وەك "موڵکی من" و "مافی من"، ڕەگوڕیشەی ستەم و ململانێ بە بڕوای ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێککەوتنێکی گشتی نییە لەسەر مانای ئەم دەستەواژانە و کەسێك نازانێت کامە موڵکی ئەوە و کامە موڵکی ئەو نییە، کامە بۆ ئەو شیاوە و کامە بۆ ئەو شیاو نییە، کامە مافی ئەوە و کامە مافی ئەو نییە. بگرە نازانێت کامە بۆ ئەو باشە و کامە بۆ ئەو باش نییە .

کاتێك ئەم پشێوییانە لە نێو ڕۆحدا ڕوو دەدەن، چارەسەر تەنها باڵادەستیی عەقڵە، کە دەتوانێت سنوورێك بۆ هێزەکانی ڕۆح دابنێت و ڕێنمایی ڕاستەقینەیان بکات و باشترین هارمۆنی لە نێوانیاندا دروست بکات، ئەم باڵادەستییەی عەقڵ کە باڵادەستییەك و سەروەرییەکی سروشتییە، لە بنەڕەتدا دەرهاویشتەی ئەوەیە کە عەقڵ تەنها خوازیاری مەعریفە و زانینە و لێرەوە ئارەزوو و خواستەکانی سنووری خۆی تێناپەڕێنێت و بە سروشتی خۆی هێزێکی دادپەروەر و چاکەخوازە، لەبەر ئەوەی کە چاکەی ئەو لە خودی خۆیدایە و لە دەرەوەی سروشتی خۆی بونێك یاخود شتێك نییە، کە ئەو خوازیاری بێت، پەیوەندیی عەقڵ بە بوون و بە شتەکانەوە پەیوەندیی ئاشنایی و ناسین و ناسینەوەیە، کاتێکیش کە بوون و شتەکان دەناسێت بە سروشتی خۆی و لەپێناو خودی ناسیندا، واتە لەپێناو خودی خۆیدا ئەم ناسینە دەبەخشێت، ئەم بەخشندەییە مەزن و سروشتییەی عەقڵ باس لە شایستەیی ڕەها و بێپەروای ئەو دەکات بۆ فەمانڕەوایەتی لە نێو ڕۆحدا، دەسەڵاتی عەقڵ لە خودی ئەم ناسینەوەیە نەك لە لایەن هیچ هێزێکەوە بە ئەو بەخشرابێت، هەر لێرەشەوەیە کە عەقڵ خۆی حیکایەتی دەسەڵاتی خۆیەتی، ئامادەیی دەسەڵاتی خۆیەتی لە سروشتیترین ئاست و ڕەهاترین ئاستی خۆیدا و دەسەڵاتی عەقڵ دەسەڵاتێکی ڕەها و سروشتی و خودی و ئیستیعارەنەکراوە و ئەو چرکەساتەیە لە بوون، کە هێزی ڕەوایەتی خودی ڕەوایەتی خۆیەتی، ئەو چرکەساتەیە کە هێز خودی شایستەیی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی کە هێزی عەقڵ خودی مەعریفە خۆیەتی، مەگەر عەقڵ چییە جگە لە خودی مەعریفە و زانین .

هەر کاتێك هێز و ڕەوایەتی و شایستەیی یەکبوون و بەم شێوە هەمیشەیی و جێگیرە یەکانگیربوون، فەرمانڕەوایی و حوکمکردن و حوکمدان و یاسادارشتن، مافی ڕەوا و ڕەهای خۆیانە و لە دەرەوەی ئەم سێ کوچکەیەوە ڕەوایەتی و شایستەیی لە هیچ هێزێکدا نییە و کۆ نابێتەوە، هەروەها هیچ هێزێك ناتوانێت ڕەوایەتی و شایستەیی بە هیچ بوون و شتێکی دیکە ببەخشێت، نەخێر، لەبەر ئەوەی کە لە نەبوون هیچ شتێك نایەتە بوون !

گەر شیاو بێت کە ئەمە ناو بنێین ئابووریناسیی هێز، کە ئەمە گەوهەری بیرکردنەوەی سیاسی و هەروەها بنەڕەتیترین تێزی ئەفڵاتوونە لە کۆماردا، ناتوانین بیر لە کایەی سیاسی و بواری گشتی و شار و دەوڵەت و یاسا و دواجار ناتوانین بیر لە خودی دادپەروەری و ستەم، هەروەها ناتوانین بیر لە جێگیربوونی سیاسی بکەینەوە، بەبێ دۆزینەوەی ئەم هێزە لە شار و لە بواری گشتیدا، دۆزینەوەی ئەو هێزەی کە حیکایەت لە ڕەوایەتی و شایستەیی سروشتی دەکات و بە سروشتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی و ڕەوا و شایستە حوکم بکات، عەقڵ لە بووندا، لە ڕێکخستن و سیستمدا و لە شاردا لە فەلسەفەدا بەرجەستە دەبێت، ڕێکخستن و سیستم لە شار و لە بواری گشتیدا لە هیرارکییەت و دابەشکردندا بەرجەستە دەبێت، هیرارکییەت و دابەشکردنێکی باش، باس لە دادپەروەری و هیرارکییەت و دابەشکردنێکی خراپ باس لە ستەم دەکات، چەندین شێوازی دابەشکردن و ڕێکخستن دەشێت پیادە و بەرپا بکرێت، کە هەریەکەیان

بۆ خۆیان و بەتایبەت لە ڕواڵەتیاندا باس لە جۆرێك لە مانا و ئامانجداری و دواجار باس لە جۆرێك لە عەقڵانییەت دەکەن و هەر لێرەشەوە باس لە شایستەیی و ڕەوایی و عەدالەت دەکەن. بەتایبەت بە پشتبەستن بە هێز وەك ئەو ڕایەی سراسیماخۆس لە کۆماردا، دەربارەی دادپەروەری دەری دەبڕێت: "دادپەروەری بەرژەوەندیی بەهێزترینە." بەڵام لە ڕێکخستن و دابەشکردنێکی ئاوادا کە سراسیماخۆس دەیخوازێت، ئەوەی ئاوڕی لێ نەدرابێتەوە سێ مەسەلەی بنەڕەتییە:

.١ڕەوایەتی: ئێمە بۆمان هەیە بپرسین کە بەهێزترین هەر کەس هەیە، چۆن بەرژەوەندیی خۆی هاوتای دادپەروەری دەکات

.٢شایستەیی: بۆمان هەیە ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا بەهێزترین، شایستەیی خۆی لە چییەوە وەردەگرێت، ئایا بەرژەوەندی بەهێزترین سنووری چاکە و سروشتی بەهێزترین خۆی تێناپەڕێنێت، بە واتایەکی دیکە، ئایا تێگەیشتنی بەهێزترین لە بەرژەوەندی خۆی، چەند وابەستەی مەعریفە و تێگەیشتنی دروستی ئەوە لە خۆی، تا چەند وابەستەی تێگەیشتنی دروستی ئەوە لە دەستەواژەکانی وەك مافی من و موڵکی من و تا دوایی، تا چەند سروشتی ئەم بەهێزترینە، بە شێوەیەکە کە ئەم دەستەواژانە لە کاتی بەکارهێنانیدا لە لایەن ئەوەوە، بە هۆی سروشتی تایبەتی ئەو خۆیەوە نەشێت و نەتوانێت سنووری ئەو بوونە خۆی ببەزێنێت و لە دەستدرێژیکردنە سەر سنوورەکانی بوونەکانی دیکە و بەرژەوەندییەکانی بوونەکانی دیکەدا کۆتایی پێ بێت، چونکە گەر ئەم ئەگەرە لەئارادا بێت، ئەو کاتە مانایەك بۆ دادپەروەری نییە و لە مەرزەکانی سنووربەزاندندا ستەم و نادادی دێتە کایەوە، نەك دادپەروەریی.

.٣ململانێ و ناجێگیری: بۆمان هەیە بپرسین ئەم بەهێزترینە، ئایا بە سروشتی خۆی بەهێزترینە، بێگومان نەخێر، چونکە ئەم بەهێزترینە ڕەوایەتی و شایستەیی لە خودی خۆیەوە بەدەست نەهێناوە، ئەو بەهێزترینەی کە ڕەوایەتی و شایستەییەکەی لە خودی خۆیەوەیەتی، تەنها عەقڵە. خۆ ئەگەر مەبەستی سراسیماخۆس لە بەهێزترین لەو ڕستەیەدا عەقڵ بوایە، ئەو کاتە ناکۆکییەکمان لەگەڵ ئەودا نەدەبوو، ئەم بەهێزترینە بە سروشتی خۆی بەهێزترین نییە، کەواتە ئەو ڕێژە زیادە لە هێز و لێرەشەوە ئەو هیرارکییەت و ڕێکخستنەی کە دروستی کردووە، لە بنەڕەتەوە لە ستەم و دەستبەسەرداگرتنی هێزی دیکەوە و لە مژینی هێزی ئەوانەوە بەدەستی هێناوە و خۆی بەرهەمی دابەشکردنێکی نادادپەروەرانەیە، ڕاستیی ئەو قسەیەی سراسیماخۆس لەسەر قسەکە خۆی دامەزراوە و دەیەوێت بە خۆی خۆی بسەلمێنێت، کە ئەمە لە لایەکەوە بێبنەمایی ئەو تێڕوانینە و ناڕەوایەتیی ئەو تێڕوانینەمان پیشان دەدات و پێمان دەڵێت کە ڕێکخستنێك و یاسا و دابەشکردنێك و هیراکییەتێك کە ئەو دەیەوێت دایبمەزرێنێت، لە شەرعییەت بێبەشە. لە لایەکی دیکەوە، سروشتێکی سەرەکیی هێزمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە ئەویش بریتییە لەوەی هێز لە دەرەوەی ڕەوایەتی و شایستەییەوە، ناتوانێت هیچ جۆرە ڕێکخستنێك دروست بکات، بەڵکو دژ بە بوون و مانەوەی خودی خۆی کار دەکات و چارەنووسی وابەستەی ململانێ و ئاژاوەکانی هێزەکانی دیکەی ناوخۆ و دەوروبەریەتی و بەم شێوەیەش بەرژەوەندیی هێز یاخود بەرژەوەندیی بەهێزترین لە کۆتوبەند و سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردن و ڕکێفکردنیدایە بە عەقڵ، واتە بەرژەوەندیی بەهێزترین لەوەدایە کە بەهێزترین نەبێت !

سەرنجێکی دیکە دەربارەی ئەم تێز و تێڕوانینە، بریتییە لەوەی کە بەرژەوەندییەکانی بەهێزترین کە دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی ڕەوایەتی و شایستەیی ئەوەوە، چەند بکەونە

دەرەوەی ئەم ڕەوایەتی و شایستەییە، ئەوەندە لە هێزی ئەو کەم دەکەنەوە، چونکە هێزی ڕاستەقینەی هەر بوونێك بریتییە لە ڕەوایەتی و شایستەیی ئەو لە بووندا و بۆ بوون، هەروەها ئێمە هەرچەند پێداگری بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەو بەهێزترینە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ڕێژە و ژمارەی ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی ئەون، هەموویان بە خۆیان و بەرژەوەندییەکانیانەوە کەمترن لە ئەو، هەر بۆیە ئەو "بەهێزترینە" لەڕاستیدا بەهێزترین نییە، بەڵکو هەڵگری دوو خەسڵەتی کوشندەیە، کە بریتین لە ترس و ستەم .

ئەو هێزەی کە لە شاردا زۆرترین ڕێژەی ڕەوایەتی و شایستەیی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە و بە سروشتی خۆی دەبێت حوکم بکات و لەم ڕووەوە لە عەقڵ دەچێت لە نێو ڕۆحدا و بگرە بەرجەستەبوونی عەقڵە لە ڕۆحی گشتیدا، فەلسەفەیە، لێرەوە ئەفلاتوون لە کۆماردا دەگات بەو بەرەنجامەی کە فەلسەفە لە شاردا دەبێت حوکم بکات و سۆکرات دەبێت فەرمانڕەوا و یاسادانەر بێت، نەك تاوانبار و دادگایی بکرێت .

لە دیدی ئەفلاتوونەوە، دادگاییکردنی سۆکرات کە بەرجەستەکەری ناتەبایی شارێك و ڕێکخستن و سیستمێکە لەگەڵ فەلسەفەدا و دواجار لەسەر ئاستی تاکەکەسی و ئەخلاق بەرجەستەکەری ناتەبایی ڕۆحە لەگەڵ عەقڵ و لەسەر ئاستی گشتی و سیاسەت بەرجەستەکەری ناتەبایی شار و سیستمی سیاسییە لەگەڵ چاکەی گشتیدا، جەوهەریترین کێشەی فەلسەفەی سیاسییە و هەر هەنگاوێك بەرەو چارەسەرکردنی و هەر نزیکبوونەوەیەك لە دووبارەنەبوونەوەی تراژیدیایەکی ئاوا، خۆی نزیکبوونەوەیە لە چاکەی گشتی .

وەڵامدانەوە بە کوشتنی سۆکرات بە شاکارێکی وەك کۆمار، نەریتێکی فەلسەفیی نوێ دادەمەزرێنێت، کە دەشێت لە ژێر چەندین ناونیشانی جیاوازدا باس و توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت. زەقترین ناونیشانی ئەم نەریتە بیرکردنەوەیە لە خودی فەلسەفە وەك کێشەیەك لە بواری گشتیدا. فەلسەفاندن دەشێت سروشتی کێشەیەکی بنەڕەتی وەربگرێت، بەتایبەت لە فەزا و بوار و لە ژێر سایەی سیستمێکدا کە ئامانجە بنەڕەتییەکانی شوێنی ڕەخنە و پرسیاری فەلسەفەیە و پێوەرەکانی بۆ چاکە و خراپە و ڕێکخستن و دابەشکردن و بەگشتی پێوەرەکانی بۆ ڕەوایەتی و شایستەیی لەگەڵ چاکەی گشتیدا نایەتەوە، سۆکرات ئەم لێپرسینەوە و ئەرك و بەرپرسیاریەتییە لە ئەخلاق و سیاسەتدا و لەسەر ئاستی تاکەکەس و لە بواری گشتیدا دەخاتە ئەستۆی فەلسەفە و دەیکاتە نەریتێکی ڕەسەن لە کار و بەرپرسیارێتیی فەیلەسووفدا بەرانبەر بە خودی خۆی و دواجار بەرانبەر بە هەموو هاونیشتمانییان، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو هەقیقەتەوە کە چاکەی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگە و لە بواری گشتیدا تەواو وابەستەیە بە چاکەی گشتییەوە و چاکە و دادپەروەریی خۆیان دوو چەمکی وابەستەی سروشتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤن، ڕووناکی خستنەسەر هەموو ئەم هەقیقەت و گرفت و پرسیارانەی کە تا ئێستا توانیمان هەندێکیان بورووژێنین، پەیامی سەرەکیی مامۆستای یەکەمە لە کۆماردا...

مامۆستای دووەم (فارابی)، سەرباری پێداچوونەوەی هەموو ئەم گیروگرفت و پرسیارانە، نیگەرانییەکی فەلسەفیی تازە و کێشەیەکی بنەڕەتیی نوێش ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ڕاستتر وایە کە بڵێین ڕووبەڕووی فەلسەفە دەبێتەوە و لە یەکێك لە هەرە هۆشیار و وردبینترین فەیلەسووفەکانەوە تەعبیر لە خۆی دەکات. بەڕاستی فارابی ئەو فەیلەسووفەیە کە پێمان دەڵێت ئەو جیاوازییە جەوهەرییە چییە لە نێوان هەموو ئەوانەی کە لە ئاستی جیاجیادا سەرقاڵی پرۆسەی فەلسەفاندنن،

لەگەڵ ئەوانەدا کە زۆر دەگمەنن و دەشێت بە پلەی باڵا و وەك وێستگە لە مێژووی فەلسەفەدا سەیریان بکرێت و دواجار بە شایستەیی ناوی فەیلەسووفانیان لێ بنرێت، لەبەر ئەوەی کێشە و پرسیارەکانی ئەوان و هەوڵەکانیان کێشە و پرسیار و هەوڵەکانی خودی فەلسەفەن بۆ ژیان، لەبەر ئەوەی فەلسەفە لە ئەواندا بەرجەستە دەبێت و پێگەی ئەوان لە مێژووی فەلسەفەدا وەك پێگەی پێغەمبەران وایە لە مێژووی ئاییندا.

فەلسەفاندن پڕۆسە و کردەیەکی عەقڵیی پێگە و مەودا فراوانە و زۆر جار لە کەسانێکیش دەوەشێتەوە کە دوژمنی فەلسەفەن، یاخود بگرە هەر لە بنەڕەتەوە بێئاگان لە خودی کردە و پڕۆسەکە، جیاوازیی فەلسەفاندن و فەلسەفە، هەمان جیاوازیی نێوان فیعل و ئیسمە! ناوەکان دەلالەت لە جێگیری و بەردەوامی و ڕیشەداری و جۆرێك لە کەماڵ دەکەن، جیاوازیی زۆرە لە نێوان موتەنەبییەکان و ئەنبیادا، کە ئەم جیاوازییە هەمان ئەو جیاوازییەیە کە هەیە لە نێوان ئەوانەدا کە دەفەلسەفێنن، یاخود فەلسەفە لێ دەدەن، لەگەڵ ئەوانەدا کە فەیلەسووفن، فەیلەسووفەکان مامۆستاکانی فەلسەفەن (مامۆستا بەو مانایەی کە لەو ترادسیۆنەدا هەیە کە نازناوی مامۆستای یەکەم و مامۆستای دووەمی بە ئەرستۆ و فارابی بەخشیوە.(

ئەو نیگەرانییە تازەیەی کە فارابی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بریتییە لەوەی کە فەلسەفە خۆی تا چەند بەرپرسیارە لە دەرپەڕاندن و دادگاییکردن و دەرمانخواردکردنی، ڕاستە فەلسەفە هەقیقەتەکانی هەست پێ کردووە و سەرڕێگەیان کەوتووە، بەڵام ئایا کەوتنە سەرڕێگەی هەقیقەت خۆی کێشەیەکی گەورە و مەزن نییە، ئایا کەوتنە سەرڕێگەی هەقیقەت و هەستکردن بە ڕووناکیی دەرەوەی ئەشکەوت، خۆی بە مانای ئەوە نییە و ئاماژەیەك نییە بە دەرچوون لە فەزای مرۆیی باو، ئاماژە نییە بە تێپەڕاندن و دەرچوون لەو سەقف و چوارچێوەیەی کە دیوارەکانی ئەشکەوت بەرجەستەی دەکات و گەمارۆی واقیعی مرۆڤەکان و دید و تێڕوانینی تایبەتی و گشتیی ئەوانی داوە، ئەم پڕۆسەیە، پڕۆسەی کەوتنەبەر ڕووناکی و هەتاوی هەقیقەت کە فارابی بە پەیوەستبوون و کەوتنەبەر کاریگەریی عەقڵی کارا (العقل الفعال) تەعبیری لێ دەکات و باس لە خوداییبوونی ئەو کەسە دەکات کە بەر ئەم ڕووناکییە کەوتووە، خۆی کێشەیەکی فرەڕەهەندە، ئەم بەرچاوڕوونی و ڕووناکبونەوە و چاوکرانەوەیە جیاوازیی ڕیشەیی لە بینین و بیستن و دەربڕیندا دروست دەکات، کە ئەمانەش هەموویان بە شێوەیەکی سروشتی مایەی تێنەگەیشتن و بەدحاڵیبوونن، هەروەرها بە هەمان ئەو شێوەیەی کە مانەوە لە هەلومەرجە مرۆییە نزمەکاندا (مانەوە لە ئەشکەوتدا و دانبەخۆداگرتن لەوێدا)، جۆرێك لە شەوارە و کوێری دروست دەکات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ قودرەتی ئەوەی نەبێت لەبەر ڕووناکیدا (بەتایبەت ڕووناکیی هەقیقەت)، چاوی بکاتەوە و ببینێت و ببیستێت، چۆن ئەمە دەبێتە هۆی خووگرتن بە جەهلەوە، بە هەمان شێوە دەشێت مانەوە لە ڕووناکیدا هەمان شەوارە لە دید و تێڕوانینی فەیلەسووفدا بۆ بینینی هەقیقەتی هەلومەرجە ئینسانییەکان دروست بکات، تاریکتر یان ڕووناکتر لەوە بیانبینێت کە لە هەقیقەتدا هەن! کێشەکە لەوێدایە کە ژیان لە سێبەر و تاریکیشدا هەقیقەتی خۆی هەیە، فەلسەفە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکە و لەم گەڕانەوەیەدا ڕووناکی و پەیامی خۆی پێیە، ئەو ڕووناکی و پەیامە کە خودی فەلسەفە خۆیەتی، دوو کێشە یاخود کێشەیەکی دوو سەرە دەخولقێنێت، شەوارەپێکردنی ئەوانەی لە نێو ئەشکەوتەکەدان (ئارگۆمێنتە سۆکراتییەکان سەرلێشێوێنەر نین، ڕێنماییکەرن، بەڵام شەوارە دروست دەکەن)، شەوارەپێکردنی خودی فەیلەسووف خۆی، ئەو ڕووناکییە تەنها شەوارە بەها و ئەشکەوتیان ناکات، بەڵکو شەوارە بە خودی فەیلەسووفیش دەکات، ئەمە موفارەقەیەکی سەیرە! ڕووناکی قودرەتی ئێمە بۆ بینین لە

تاریکیدا کەم دەکاتەوە، ڕووناکی قودرەتی ئێمە بۆ بینینی تاریکی و دەستوپەنجەنەرمکردن لەگەڵ تاریکیدا، کەم دەکاتەوە، ڕووناکی دەبێتە هۆی ئەوەی کە فەیلەسووف وەك خۆی تاریکی نەبینێت .

ئەو کێشە نوێیەی کە فارابی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و بە شێوەیەکی چارەنووسساز پەیوەندیی بە فەلسەفە و بە خودی عەقڵ خۆیەوە هەیە، هاتنی هێزێکی دیکەیە، ئەم هێزەی دیکە سروشتێکی عەقڵیی هەیە و لە ڕواڵەتیشدا یەکێتی و پەیوەندیی ئەم هێزە لەگەڵ ڕەوایەتی و شایستەییدا ئاشکراترە! سروشتی پەیوەندیی ئەم هێزە لەگەڵ هاوئەشکەوتییان و زمانی گفتوگۆی لەگەڵیاندا دڵگیرتر و کارا و کاریگەرترە، لەبەر ئەوەی کە بە وێنە و وێنای نوێ شەڕی سێبەرەکان دەکات، نەك بە تێڕوانینی پەتی!

لە کاتێکدا کە پەیوەندیی فەلسەفە بە ڕووناکی و سەرچاوەکانیەوە پەتی و پاڵفتەترە، ئەوەی کە فەلسەفە و فەیلەسووف ناتوانێت بیکات، ئەم هێزە دەیکات و بە ڕاشکاوی دەری دەبڕێت، وێنەی دەرەکیی ئەم دوو هێزە، فەلسەفە و ئەم هێزە نوێیە لە دوو کەس دەچێت، کە یەکەمیان بە ماندووبوون و هەوڵ و بیرکردنەوە و ڕەنجی خۆی لە ئەشکەوتەکە چوبێتە دەرەوە و ڕێگەیەکی دۆزیبێتەوە و تەحەمولی ئازارەکان و کزانەوەی پێڵوەکانی چاوی کردبێت و لە سەرەتادا بە تەواوی بە بینینی ڕووناکی شاد بووبێت و دواجار لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکی مرۆڤانەی قووڵەوە گەڕابێتەوە ئەشکەوتەکە، بۆ ڕاگەیاندنی ئەم هەقیقەتە و بردنی هاوئەشکەوتییان بۆ بینینی هەقیقەت و ڕووناکی بە چاوی خۆیان، بەڵام کەسی دووەم بە ناوی خودی ئەو ڕووناکی و هەقیقەتەوە قسە دەکات، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەری خودی ئەو هەقیقەتەیە بۆ ناو ئەشکەوت، دەیەوێت بڵێت من سەرچاوەی ئەو تارمایی و سێبەرانە دەزانم.

دەشێت جیاوازیی ئەم دوو کەسە، ئەم دوو هێزە لە وێنەیەکی دراماتیکیدا وێنا بکەین، دوو کەس گەڕاونەتەوە نێو ئەشکەوت، یەکێکیان ڕووناکییەکەی پێش خۆی داوە و ئەوی دیکەیان ڕووناکییەکەی داوەتە پشت خۆی! هاوئەشکەوتییان ئاشنان بە سێبەرەکان و لە ڕووناکیی زەق دەسڵەمێنەوە، ڕووناکی شەوارە بە فەیلەسووف و هاوئەشکەوتییانیش دەکات .

ئەم هێزە نوێیە، کە لە ڕواڵەتدا نەیارێکی ڕاستەقینەی فەلسەفەیە، فەلسەفەی سیاسی لە بەرجەستەبوونی دووەمیدا (لای فارابی) وانەیەکی تەواو گرنگی لێوە فێر دەبێت. فەلسەفە چاولێکەری ناکات، تایبەتمەندیی خۆی کە تایبەتمەندییەکی ئۆنتۆلۆژییە و بەشێك لە چییەتیی ئەوە، ئەم تایبەتمەندییە لەدەست نادات، بەڵام لەم هێزەوە فێر دەبێت، خۆی بپۆشێت، خۆی توێکڵدار بکات، ڕووناکیی خۆی لە ڕووناکییەکی زەق و شەوارەپێکەرەوە بگۆڕێت بۆ ڕووناکییەك کە ڕووپۆشێکی هەبێت، ئەم ڕووپۆشە ئەگەر بە تەواوەتی چارەسەری شەوارەی هاوئەشکەوتییان نەکات، پێویستە بە شێوەیەك بێت کە چارەسەری شەوارەی فەیلەسووف خۆی بکات، پێویستە یارمەتیی فەیلەسووف بدات بۆ بینین لە تاریکیدا!

تا ئێستا لەم وێناندنە گشتییەدا سێ چەمکی خوازراومان هەیە، کە هەریەکەیان بە شێوەیەکی قووڵ پەیوەندییان بە سێ چەمکەوە هەیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێ دان: هێز، ڕەوایەتی و شایستەیی. لەسەر ئاستی ڕۆح، مەبەست لەم چەمکە، چەمکی هێز عەقڵ و لەسەر ئاستی گشتی و سیاسییش مەبەستمان لێی فەلسەفە بوو، کە هەردووکیان لە خودی فەیلەسووفدا بەرجەستە دەبن.

دەشێت ڕەوایەتی بشوبهێنین بە ڕووناکی و شایستەیی، کە خۆی چەمکێکە جوانیی تێدایە، بشوبهێنین بە ئەو پەردە و توێکڵەی کە ئاماژەمان پێ دا، هێز مانا و ئامانجەکانی خۆی لەدەست دەدات گەر سنوورەکانی خۆی ببەزێنێت، بەڵام هەمیشە لەدەستنەدانی مانا و ئامانجەکان و نەبەزاندنی سنووری خۆی، کە ئەمە خۆی مانای ڕەوایەتییە، بەس نییە بۆ هێزێك، بەتایبەت هێزێك کە دەبێت لە لوتکەدا بێت و لە سەرەوەی هەرەمەکەدا بێت، بەڵکو هەروەها پێویستە شایستەیی خۆیشی بپارێزێت، کە ئەمە وەك ئەوە وایە کە بوونی خۆی پەرژین بکات .

هەر بوونێك و هەر هەقیقەتێك لە بنەڕەتدا هێزێکە، ئەم هێزە تا لە سنورەکانی خۆیدا بێت و نەیبەزێنێت ڕەوایەتی لە خودی خۆیەوە وەردەگرێت، بەڵام هەموو کاریگەریی و چالاکییەك و دەرکەوتنی هەر پەیوەندییەکی بە دەرەوەی سنورەکانی خۆیەوە وابەستەی شایستەیی ئەوە، هەر بۆیە هەموو چالاکییەکی هەر بوونێك لە دەرەوەی سنوری خۆیدا لەسەر شایستەیی ئەو بوونە ڕاوەستاوەو چالاکی عەقڵ لە سنوری ڕۆحدا ڕەوایەتی خۆی لە بوونی و لە پەیوەندیدا بە هێزێکی دیکەی نێو ڕۆحەوە، ڕەوایەتی خۆی لە پابەندبوونی بە چاکەی ئەوانەوە وەردەکرێت ، کە ئەم پابەندبوونە باس لە شایستەیی ئەو دەکات. هەر هێزێکیش لە شارداو لە بواری گشتییدا بە هەمان شێوە، ڕەوایەتی خۆی لە پابەندبوونەوە بە چاکەی گشتییەوە وەردەگرێت .

پرسیاری دادپەروەری پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە هەردوو چەمکی ڕەوایەتی و شایستەییەوە هەیە، بیرکردنەوە لە ڕێکخستن و دابەشکردن و داڕشتنی سنوورەکان و دواجار کۆی پڕۆسەی یاسادانان، بەر لە ساغکردنەوەی ئەوەی کە چ هێزێك شایستەیە بۆ ئەوەی بەم پڕۆسەیە هەستێت و حوکم بکات هیچ ڕەوایەتییەکی تێدا نییە، بە هەمان شێوەی ڕۆح و ژیانی تاکەکەس لە شار و لە بواری گشتییشدا سێ هێزی سەرەکی هەن، کە دەشێت بیر لە ڕەوایەتی و شایستەییان بۆ حوکمکردن بکرێتەوە، ئیرۆس و سۆمۆس و لۆگۆس، ڕۆحی مرۆڤ یاخود دەبێت ئارەزوو و شەهوەت و داخوازییەکان حوکمی بکەن، یان جوامێری و خولیای شەرەفمەندی و ئازایەتی، یاخود عەقڵ، بە هەمان شێوە، شاریش یاخود دەبێت پیشەوەرەکان حوکمی بکەن یان جەنگاوەرە دلێرەکان یان حەکیم و فەیلەسووفان و سەرەکیترین پرسیاری سیاسی و بنەڕەتیترین پرەنسیپی عەدالەتیش لە یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشە و دەستنیشانکردنی ئەوەدایە، کە کام لەم هێزانە دەبێت حوکم بکەن، چونکە گەر ئەوەمان یەکلایی کردەوە و هێزی شایستە و ڕەوامان بۆ حوکمکردن دەستنیشان کرد، ئەو کاتە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە حوکم و یاساکانی ئەو، ئەو ڕێکخستن و دابەشکردنەی کە ئەو پێشنیاری دەکات، ئەوەیە دادپەروەری .

دادپەروەری چەمکێکە بەدەر نییە لە فۆڕمێك لە ڕێکخستن و دابەشکردن، کە بەپێی ئەم فۆڕمە هێزەکان و بوونەکان شوێن و جێگەی شایستە بە خۆیان وەردەگرن و لە چاکەی خۆیان بەهرەمەند دەبن و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ دەهێنن، دادپەروەری هیچ نییە جگە لەوەی کە کەسی شایستە بە شوێنێك و شیاو بۆ ڕۆڵێك لە جێگەی شایستە بە خۆی و لە ڕۆڵی شیاو بە خۆیدا بێت، بە مەرجێك کە ئەوە فەرامۆش نەکرێت کە چاك و شیاوە بۆ خودی ئەو بوونە، واتە بەهرەمەندبوونی ئەو بوونە لە چاکەی خۆیشی فەرامۆش نەکرێت، کە ئەمەش بە ناسینی سروشتی ئەو بوونە و یەکخستنی چاکەی ئەو لەگەڵ چاکەی گشتیدا بەدی دێت .

بێگومان لەبەر ئەوەی کە دادپەروەری ڕاستییەکە لە بووندا، بە بەڵگەی ئەوەی کە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە مرۆییە جیاجیاکان هەمیشە خولیایان بووە و عەودالێبوون، یەکگرتنی چاکەی تایبەتی

و تاکەکەسی لەگەڵ چاکەی گشتیدا، کە ئەمە مەرجی بنەڕەتیی هاتنەدی و بەرجەستەبوونی عەدالەتە، شتێکی مەحاڵ و ئەستەم نییە، چونکە گەر ئەمە مەحاڵ بێت، دادپەروەرییش مەحاڵە .

ئایا چاکەی هەر بوونێك بریتی نییە لەوەی کە ئەو هەبێت بەو شێوەیەی کە خۆی هەیە و لە سروشتی بوونیدا وەك کەتەلۆکێك پارێزاراوە، بێگومان. ئایا گەر بوونێك لە شوێنی ڕەوا و شیاوی خۆیدا بێت و ئەو ڕۆڵە ببینێت کە ڕۆڵی خۆیەتی و دەبێت بیبینێت، ئەم بوونە نابێتە فەراهەمکەری چاکەی گشتی، کە چاکەی هەموو بوونەکانی دیکەیە، کە لە بوونی ئەو لە شوێن و ڕۆڵی شایستە بە بوونی خۆیدا سوودمەند و بەهرەمەند دەبن، بێگومان. ئایا کاتێك کە بوون یاخود هێزێك لە شوێن و ڕۆڵی شایستە بە خۆیدایە، ئەمە باشترین هەڵبژاردنی چاك نییە بۆ ئەو بوونە و باشترین یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی ئەو بوونە لە چاکترین بارودۆخی بوونی خۆیدا بێت .

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە نەك دەشێت چاکەی تایبەتی و چاکەی گشتی پێکەوە کۆ ببنەوە، کە ئەمە مەرجی هاتنەدیی دادپەروەرییە، بەڵکو ئەم دوو چاکەیە لە پەیوەندییەکی ئۆرگانی و قووڵ و توندوتۆڵدان و بەبێ یەکدی نایەنە دی. هەر بۆیە بیرکردنەوە لە چاکەی گشتی (کایەی سیاسی) نەك دەشێت، بەڵکو دەبێت لەسەر پرەنسیپی بیرکردنەوە لە چاکەی تاك و مرۆڤ خۆی (کایەی ئەخلاق) دابمەزرێنرێت و دەستبەرداربوونی هەر یەکێکیان دەستبەرداربوونی ئەوی دیکەیان دەبێ. ژیانی ئەخلاقیی مرۆڤ پڕۆسەیەکی سیاسی، پڕۆسەی خۆبەڕێوەبردنە و باس لە خودسەروەریی تاکەکەسی و فەرمانڕەواییکردنی خود دەکات. ژیانی سیاسییش پڕۆسەیەکی ئەخلاقییە و باس لە پڕۆسەی یەکترتەواوکردن و هاریکارییەکی گشتی دەکات لە لایەن هەموانەوە بۆ گەیشتنی هەموان بە کەماڵی ئەخلاقیی خۆیان، تا ئەو شوێنەی شیاو و گونجاوە. مرۆڤ لە نێو ئەم پڕۆسە هەرەوەزی و هاریکارییە دەستەجەمعییەدا نەبێت، ناتوانێت بە چاکترین شێوە هەبێت و ئەگەری گەیشتن بە کەماڵی ئەخلاقیی خۆی لەدەست دەدات. لەڕاستییشدا ئەوانەی کە دەبێت فەرمانڕەوایەتی بکەن هەر خودی ئەو کەسانەن کە بوون لە خودی خۆیان نزیکی کردوونەتەوە و ئەزموون و پەروەردەیەکی باش ئامادەی کردوون، بۆ ئەوەی کە بە هۆی ئەوانەوە ئەم دەرفەتە بە کراوەیی لە بەردەم مرۆڤایەتیدا بمێنێتەوە، هەر لێرەشەوەیە کە سروشتی بنەڕەتیی سیستمی فەرمانڕەوایەتی و ئەرکی بنەڕەتیی دەوڵەت ئەرکێکی پەروەردەییە و سیستمی فەرمانڕەوایەتیی چاك ئەو سیستمەیە کە چاوی نەبڕیوەتە تێرکردنی گەدەی دەستە و تاقمێك، یاخود تێرکردنی گەدەی هاونیشتمانییان، هەروەها چاویشی نەبڕیوەتە شکۆ و شەرەفمەندیی دەستە و تاقمێك یاخود شکۆ و شەرفمەندی و ناوبانگی هاونیشتمانییان، هەروەها ئەم سیستمە تێگەیشتووە لەوەی کە ئەو ئامانجەی ئەو چاوی تێبڕیوە، کە گەیاندنی هاونیشتمانییان و نزیککردنەوەیان یاخود لانیکەم، نزیککردنەوەی هەندێك لەوانە لە کەماڵی ئەخلاقیی خۆیان کە ئەوان شایان و شایستەی ئەوەن و هەوڵی بۆ دەدەن، ئەم سیستمە تێگەیشتووە لەوەی کە ئەم ئامانجە مەزنە لە سایەی سیستمێکدا بەدی نایەت، کە هەر کەس بۆ خۆی ئازادانە ئامانج بۆ ژیانی خۆی و چالاکییەکانی لە بواری گشتیدا دیاری بکات، هەموو شتێك بشێت بۆ ئەوەی ببێتە ئامانج لە بوون و ژیاندا (سیستمی دیموکراسی)، بەڵکو لە سایەی سیستمێکدا بەدی دێت کە هەموان لەپێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا کۆ بکاتەوە، کە گەیشتن بەم ئامانجە گەیشتنە بە چاکە و بەختەوەری و سەروەری، ڕاستە لە سایەی سیستمێکی وادا هەموو کەسێك یاخود هەر کەسێك بە کردەوە (بالفعل) ناگات بەم بەختەوەرییە، بەڵام هەموان (شیانی ئەوەیان هەیە) کە بەم بەختەوەرییە بگەن، چونکە دەبێتە خولیای هەموو هاونیشتمانییان، هەروەها هەموان بەشدارن لە بەدیهاتنی ڕێژەیی ئەو ئامانجەدا، لێرەوە بە مانایەك لە ماناکان ئەو بەختەوەرییە، بەختەوەریی هەموویانە، بەرپرسیارێتیی ئەوانەش کە

دەگەن بەم ئامانجە بەرانبەر بە هاونیشتمانییان لێرەوەیە، هەر بەم مانایەشە کە حوکمکردن و فەرمانڕەوایەتی ئیمتیازێك نییە، بەڵکو ئەرکێکە دەبێت ئەوانەی کە لێیان دەوەشێتەوە و شایستەی ئەو ئەرکەن جێبەجێی بکەن و نابێت لەگەڵ ڕوونبوونەوەی بەرچاوی خۆیاندا پشت بکەنە هاونیشتمانییان و دەستبەرداری ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان ببن، بەڵکو دەبێت ئەو ئەرکەی لە سەرشانیانە بە باشترین شێوە و بە تەواوی بەرپرسیارێتییەوە جێبەجێ بکەن، چۆن ئەوانەی کە ناشایستەن نابێت حوکم بکەن بە هەمان شێوەش ئەوانەی کە شایستەن نابێت دەستبەرداری ئەم ئەرکە مەزنەی سەرشانی خۆیان ببن، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تەندروست لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەمانە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیی خۆیان و ناچاریان دەکات بەوەی کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن، بە هەمان شێوەی هەموو ئەوانی دیکە کە بەپێی پرەنسیپی عەدالەت هەر کەسەو دەبێت ڕۆڵی شیاوی خۆی ببینێت و کەمتەرخەمیکردن ستەم و نادادییە.

ڕاستییەك کە مەبەستمان بوو بیسەلمێنین و ئەگەرچی زۆر بەڵگەمان بۆ هێنایەوە، بەڵام پێدەچێت بە شاراوەیی مابێتەوە، ئەوەیە کە فارابی مامۆستای دووەمی فەلسەفەی سیاسییە، کە ئەفلاتوون مامۆستای یەکەمیەتی، ئەمەش تەنها لەبەر تێگەیشتنە ئەفلاتوونییەکانی فارابی نییە لە ئەرستۆ، تەنها لەبەر ئەفلاتوونیزەکردنی ئەرستۆ نا. هەروەها تەنها لەبەر ئەوە نییە کە فارابی بەشداریی ڕاستەقینەی هەیە لە فەلسەفەی سیاسیدا، تەنانەت لە ڕووی شکڵ و قەوارەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییشەوە، ئەو تەنها بە قسەکردن لەسەر دەوڵەت/شار ناوەستێت. بەڵکو دەوڵەت/شار بە بچووکترین یەکەی کۆبونەوەی سیاسی دەزانێت، هەر بۆیە بیر لە قەوارەیەکی سیاسیی لەوە گەورەتر دەکاتەوە کە زۆر هاوشێوەی دەوڵەتی مۆدێرن یاخود دەوڵەتی نەتەوەییە و لە یەکگرتنێکی فیدراڵیی کۆمەڵێك شار دەچێت. دواجار بەمەشەوە ناوەستێت، بەڵکو ئەم قەوارە سیاسییە وەك قەوارەیەکی سیاسیی ناوەنجی دەناسێنێت و بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاو و ئاشکرا، فارابی بیر لە یەك دەوڵەت و سیستمی جیهانی دەکاتەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و سروشتی کۆبوونەوە سیاسییە مرۆییەکان، کە دەرهاویشتە و درێژکراوەی سروشتی کۆبونەوە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکانە، دەبات بەرەو کۆتاییە لۆژیکییەکانی خۆی، مرۆڤەکان پێداویستیی پێکەوەژیانی مرۆیی لە شارەکاندا کۆیان دەکاتەوە و ئەمە دەبێتە هۆی دامەزراندنی بچووکترین یەکەی سیاسیی ڕاستەقینە، کە سیستمێکی سیاسییە بۆ بەڕێوەبردنی شارێك، بەڵام ئەگەرچی ئەم یەکە و قەوارە سیاسییە دەشێت پێداویستییە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی پێکەوەژیان لە چوارچێوەدارترین و بچووکترین ئاستدا دابین بکات، بەڵام بە هەمان شێوە کۆمەڵێك هۆکاری دیکە و پاڵنەری دیکەی مرۆیی و سیاسی و کولتووری هەن، کە مرۆڤ وا لێ دەکەن بیر لە ژیان لە نێو قەوارەیەکی سیاسیی گەورەتر لە دەوڵەت/شارێکدا بکاتەوە (کە ئەم پاڵنەرانە کە دواجار دەشێت وەك کۆمەڵێك لێکچوون و خواستی مرۆیی دیکە سەیری بکەین)، ئەمانە دەبنە هۆی کۆبوونەوە و یەکگرتنی چەند شارێك لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسیی مەزن و گەورەتردا، هۆکارە ئاسایی و سروشتی و هەروەها هۆکارە نائاساییەکانیش زۆرن کە دەبنە هۆی بیرکردنەوە لە قەوارە و کۆبوونەوە و سیستمێکی سیاسیی گەورەتر لە شار (هۆکاری نائاسایی وەك جەنگ و هاوپشتیوانی و مەترسیی هێرش و تا دوایی، کە دەبنە هۆی لێکنزیکبوونەوەی چەند شارێك و دواجار بیرکردنەوەیان لە یەکگرتن)، یەکگرتنی چەند شارێك لە چوارچێوەی قەوارەو سیستمێکی سیاسیدا (هاوشێوەی

دەوڵەتە مۆدێرنەکان)، خۆی دەروازەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە ئەگەری دروستبوون و هاتنەکایەی قەوارە و سیستمێکی سیاسیی جیهانی بۆ مرۆڤایەتی و بەڕێوەبردنی هەموو قەوارە سیاسییە بچووك و بچووکترەکان، ئەم تێڕوانینەی فارابی لەسەر ئاستی تیۆری و لەسەر ئاستی واقیعی و مێژوویش باس لە دووربینی و قودرەتی ئەم عەقڵە دەکات بۆ پێشبینی و تێگەیشتنی قووڵتر لە بارودۆخ و مێژوو، بگرە تێگەیشتنی قووڵتر لە سروشتی سیاسەت خۆی و سروشتی کۆبوونەوە سیاسییە مرۆییەکان، کە هەمیشە خواستی فراوانخوازی و گەورەبوون و یەکگرتنیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە .

ئەم کرانەوەیە بەسەر سروشتی سیاسیی مرۆڤ و کۆبوونەوە مرۆییەکاندا دەبێتە هۆی ڕاستەقینەی ئەوەی کە فارابی لە دواجاردا هەڵوێستێکی زۆر تایبەت و حەکیمانەتری دەربارەی سیستمی دیموکراسی هەبێت، کە ئەم هەڵوێست و دووربینییەی فارابی بابەتی لێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆیە و لێرەدا بواری ئەوە نییە کە جگە لەم ئاماژە ڕاگوزەرە هیچی دیکەی لەبارەوە بڵێین، چونکە هەڵوێستی فارابی لە دیموکراسییەت، پەیوەندیی بەو هۆشیارییە سیاسییانەوە هەیە کە ئەو بیری پێ دەکاتەوە، بەتایبەت پەیوەندییەکی قووڵی بە بیرکردنەوەی ئەوەوە هەیە لە ئازادیی تاکەکەسی، ئەمە ئەگەرچی کتێبە گرنگەکەی ئەو دەربارەی فەلسەفەی سیاسی، ێراو أهل المدینه الفاچله، بە زمانێك و داڕشتنێك نووسراوە کە لە ڕواڵەتدا زۆر دوورە لە تێڕوانینێکی لەم چەشنەوە. ناوزەندکردنی فارابی بۆ هەندێك قەوارە و کۆبوونەوە و سیستمی سیاسی بە زمانی ئایینی و بەکارهێنانی زاراوەگەلێکی وەك "المدینه الچاله" و "المدینه الفاسقه"، ئەگەر هۆشیار و وردبین نەبین دەشێت گومانی ئەوەمان لا دروست بکات کە ئەم فەیلەسووفە بە دیدێکی ئایینی و بگرە ئیسلامیی پەتی بیر دەکاتەوە و ناونیشانە شەرعییەکان دادەبڕێت بەسەر شار و کۆبوونەوە مرۆییە جیاجیاکاندا و خەریکی فتوادانە، نەك لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی سیاسیی قووڵ، کە بشێت جێگەی بیرکردنەوە لە ئازادیی تاکەکەسی تێدا ببێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا گەر بمانەوێت بە شێوەیەکی دروست لە فارابی تێبگەین، یەکەمین دەروازە بۆ ئەم تێگەیشتنە هەوڵدانە بۆ هەڵدانەوەی ئەم توێژاڵانە و ڕۆچوون لە بیرکردنەوەی سیاسیی ئەم فەیلەسووفەدا، دەبێت پڕچەك بین بە توانا و ئامرازەکانی لێکدانەوەی ئیزۆتریکی تا بتوانین لە مەغزا و گەوهەری بیرکردنەوەی سیاسیی ئەم فەیلەسووفە تێبگەین و ڕواڵەتی نووسینەکانی کە باس لە زەرورەتێك و هەلومەرجێکی تایبەت بۆ نووسین و بیرکردنەوە و هونەرێکی تایبەتی لە نووسیندا دەکات، فریومان نەدات .

بە هەرحاڵ، شایستەیی فارابی بە نازناوی مامۆستای دووەمی فەلسەفەی سیاسی، سەرباری ئەو تازەگەری و چاکسازی و دووربینییانەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرگیربوونی ئەم فەیلەسووفە لەگەڵ خودی ئەو کێشە و نیگەرانییە تازانەدا کە ڕووبەڕووی فەلسەفە دەبنەوە و هەڕەشە لە ڕەوایەتی و شایستەیی دەکەن، بەتایبەت ڕەوایەتی و شایستەیی فەلسەفەی سیاسی، کە ئەم هەڕەشەیە هەڕەشەیەکی چارەنووسسازە لە پەیوەنددا بە فەلسەفەوە .

لە ئاستێکی تەواو سەرەتایی و سەرەکیدا داکۆکیکردن لە سەروەریی عەقڵ لە ڕۆحدا چالاکییەکی دادپەروەرانە و بەرجەستەکەری دادپەروەریی ئەخلاقییە، واتە دادپەروەری بە مانا ئەخلاقییەکەی هیچ نییە جگە لە پاراستنی سەروەریی عەقڵ لە ڕۆحدا، کە ئەمە دەبێتە مایەی میانڕەوی و حیکمەتی کرداری لە هەڵسوکەوتدا و دەبێتە مایەی ئەوەی کە هێزی جوامێری و تووڕەبوون، هەروەها هێزی عەشق و خۆشەویستی، واتە هەموو "ئا" و "نا"کانی مرۆڤ

عەقڵانییانە و میانڕەوانە و بەپێی بڕیار و ڕێنمایی عەقڵ بێت. بێگومان بیرکردنەوە لە دادپەروەری بەم مانایە، هەروەها بیرکردنەوە لە دادپەروەری بە مانا سیاسییەکەی بەبێ بیرکردنەوە لە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی ئازارد و بەرپرسیار، هیچ مانایەکی تێدا نییە، هەر لێرەشەوەیە کە دەروازەی دروست بۆ قسەکردن لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کە دەکەوێتە نێوان دادپەروەریی ئەخلاقی و دادپەروەریی سیاسییەوە، بریتییە لە قسەکردن لە دادپەروەریی ئایینی یاخود دادپەروەریی خودایی، بەم شێوەیەش هەرەم و ڕیزبەندییەکی ئاستەکانی دادپەروەریمان دەست دەکەوێت، کە یەك پشت بە یەکتر دەبەستن و دەتوانین بەم شێوەیە ڕیزبەندیان بکەین:

١.دادپەروەریی خودایی.(Theological Justice)

٢.دادپەروەریی ئەخلاقی .

٣.دادپەروەریی کۆمەڵایەتی .

٤.دادپەروەریی سیاسی .

بێگومان بوونەکان سروشتی تایبەتی خۆیانیان هەیە و لەسەر دوو ئاست دەتوانین قسەوباسیان لێ بکەین: لەسەر ئاستی بوون، کە مەبەستمان لەم ئاستە بوونی کردەیی بوونەکانە (الوجود بالفعل). هەروەها لەسەر ئاستی هەبوون، کە مەبەستمان لەمەیان بوونی بوونەکانە، وەك شیان و ئەگەر (الوجود بالقوە). بێگومان هەر ئەگەرێکی هەبوون لە سەر ئاستی دووەم، وابەستەی بوونێکی بنەڕەتییە لەسەر ئاستی یەکەم، لێرەوە و بەم شێوەیە دوو ئاستی بنەڕەتی و سەرەکی و گشتی لە دادپەروەریمان دەست دەکەوێت، کە بریتین لە دادپەروەریی سروشتی و دادپەروەریی ئیرادی یاخود عورفی، کە ئەم ئاستەی دووەمیان خولقێنراوە و دەخولقێنرێت بەپێی ئاستی یەکەم و بە پشتبەستن بە ئەو، ئەم ئاست و جیاکارییانە لەسەر ئاستی یاساییش بە هەمان شێوە دەبێت، بەو واتایەی کە دەبێت یاسا پۆزەتیڤەکان بەرمەبنای یاسا سروشتییەکان بن و نەبنە هۆی خاپوورکردنیان، کە ئەمە دواجار بە مانای خاپوورکردنی ئەو بوونە خۆی دێت .

بەم شێوەیە قسەکردن لە دادپەروەری لە فەلسەفەی سیاسیی فارابیدا قسەوباسێکی فەلسەفی و میتافیزیکیی تەواو هەستیار و ڕیشەییە و ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێتەوە بە هەموو پرس و مەسەلە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە و سیۆلۆژیاوە و ناشێت دابڕێن لە یەکدی، هەر بۆیەشە دواجار، بیروڕاکانی شارێك یاخود نەتەوەیەك دەربارەی خودا و مەسەلە سیۆلۆژییەکانی دیکە گرنگیی تەواوی خۆی هەیە لە ناسینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو سیستم و ڕێکخستنە سیاسییەدا، کە ئەو شار و نەتەوەیە پەیڕەویی لێ دەکات و گرنگیی تەواوی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئاستی پەیڕەویی ئەودا لە عەدالەت لەسەر هەموو ئاستە جیاجیاکان. ئەو ئاستانەی کە بە شێوەیەکی هەرەمی لەسەر یەکتر دامەزراون و بەبێ یەکدی بوونیان نابێت، گەر دادپەروەری لە بووندا نەبێت یاخود دادپەروەری بەپێی بوون نەبێت، نایەتەدی و هەوڵێکی بێئاکامە، بەم پێیەش پێویستە دادپەروەری لەسەر ئاستی هەبوون، لەسەر ئاستی خوازراو و ویستراو، ئیدی ئەم ئاستە ئەخلاقی یاخود کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی بێت، پشت بە دادپەروەریی سروشتی و دادپەروەری لە بووندا ببەستێت، دادپەروەریی سیۆلۆژی، کە دادپەروەرییە بەپێی ئەحکام و زەرووڕەتەکانی عەقڵ .

فەلسەفە، بە واتای مەعریفەی نەگۆڕ و ڕاستەقینە، بریتییە لە ناسین و تێگەیشتن لە چییەتیی بوونەکان، هەر لێرەشەوەیە کە بەبێ فەلسەفە ئەستەمە ئاشنابوون بە دادپەروەریی سروشتی و دواجار ئەستەمە بیرکردنەوە لە فۆڕمێك یاخود مۆدێلێکی دادپەروەرانەی بوون لەسەر ئاستی خوازراو و ویستراوەکان، ئایینەکان جەختیان لەسەر جۆرێك لە فەرمانڕەواییە کە بەرمەبنای فەرمانڕەوایەتی و بڕیار و ویستی خوداوەند دامەزرابێت، هەروەها جەختیان لەسەر ئەوەشە کە خودا دادپەروەرە، بەپێی تیۆریی سەرڕێژ (نچريه الفيچ)، کە ڕیشەییترین تیۆری فەلسەفیی سەردەمی هیلینستی و سەدەکانی ناوەڕاستە و فارابی بەشدارییەکی گرنگی هەیە لە جێخستنی ئەم تیۆرییەدا لە ناو فەلسەفە ئایینییەکاندا بەگشتی و لە ناو فەلسەفە و فیکری ئیسلامیدا بەتایبەت، ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە خودا عەقڵە، عەقڵێکی ڕەها و پەتی، هەر بۆیە سروشتی بوون سروشتێکی عەقڵانییە و بە عەقڵ و بیرکردنەوە و تێرامانی عەقڵ شایانی ناسینە، دادپەروەری لە بنەڕەتدا بریتییە لە هەبوونی ڕێکخستن و سیستمێك، بێگومان بوون بەبێ ئەم ڕێکخستن و سیستمە نییە و نابێت، کەواتە مادام بوون ڕێکخستن و سیستمێکە بەرمەبنای سەروەریی عەقڵ لە بووندا، ئەم سیستمە خۆی بەرجەستەبوون و بەرجەستەکەری دادپەروەرییە و بەم شێوەیە دادپەروەری (کە بە مانایەك لە ماناکان بریتییە لە باشترین ڕێکخستن)، نەك هەر لە بوون و لە سروشتدا هەیە، بەڵکو دادپەروەری خۆی ڕێکخەر و خۆی سروشتی بوونە و ئەو پایە بنەڕەتییەیە کە بوونی ڕاگیر کردووە و تێکچوونی هاوسەنگی لە بووندا، خاپووربوونی بوون بە دوای خۆیدا دەهێنێت. بەم شێوەیە سەروەریی خودا و خاوەندارێتیی ئەو لە بووندا، تەعبیرە لە سەروەریی عەقڵ خۆی و نێوەڕۆکی ئەو جەختە ئایینییانەی کە باسمان کرد ئەو جەختە فەلسەفییانەیە کە ئاماژەمان پێ دا، واتە ڕستەگەلی وەك خودا دەبێت حاکم بێت، هەر مانای ئەوەیە کە دادپەروەری، عەقڵ دەبێت حاکم بێت .

لەگەڵ هەبوونی ئەم یەکێتییە ڕاستەقینەیەدا، لە ڕواڵەت و لە واقیعدا ئەم دوو هێزە (فەلسەفە و ئایین)، لە ناکۆکی و ململانێدان و هەندێ جار دژ بە یەك دەوەستنەوە. ئەم ناکۆکی و ململانێیە کە پەیوەندیی بە چارەنووسی فەلسەفە و سەروەریی عەقڵ و چارەنووسی فەلسەفەی سیاسییەوە هەیە، ئەو کێشە نوێیەیە کە فارابی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. فەلسەفە چۆن دەتوانێت لە ژێر سایەی ئایین و دەسەڵاتە ئایینییەکان و لە ژێر سایەی شەریعەتدا بەردەوام بێت و درێژە بە بوونی خۆی بدات و بیر لە باشترین سیستمی سیاسی و ڕێکخستنی شار بکاتەوە .

بیرکردنەوەی فارابی لەم کێشە نوێیە تەواو پەیوەندیی بە پرسیاری دادپەروەری و نیگەرانییە تازەکەی ئەوەوە هەیە، کە ئەو نیگەرانییە وەك ئاماژەمان پێ دا، بریتی بوو لەوەی کە فەلسەفە خۆی تا چەند بەرپرسیارە لە چارەنووسی خۆی لە مێژوودا. دەشێت ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دابڕێژینەوە: سۆکرات چەند بەرپرسیارە لە چارەنووسی خۆی؟ بێگومان داڕشتنەوەی ئەو پرسیارە بەم شێوەیە سروشتی ئەو پەیوەندی و دابڕانە دەستنیشان دەکات کە لە نێوان مامۆستای یەکەمی فەلسەفەی سیاسی (ئەفلاتوون) و مامۆستای دووەمی فەلسەفەی سیاسیدا (فارابی) هەیە .

گەر خودا عەقڵێکی پەتی بێت و ئەمەش لە ئاستێکی تەواو باڵادا تەعبیر لە یەکێتی ڕیشەیی ئایین و فەلسەفە بکات، بەو پێیەی کە یەك سەرچاوەیان هەیە، ئەو جیاوازی و ململانێیە چییە کە لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا بەدی دەکرێت؟

بەپێی تێگەیشتنی فارابی، ئەم جیاوازییە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ کەسێتیی فەیلەسووف و پێغەمبەر، جیاوازیی نێوان فەلسەفە و ئایین لە جیاوازیی نێوان فەیلەسووف و پێغەمبەردایە، هەر بۆیە دەستنیشانکردنی وردی ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئەم دوو تایپە لە مرۆڤدا هەیە، هاوکاریی تەواومان دەکات بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە و بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی .

پەیوەندیی فەیلەسووف بە عەقڵی پەتییەوە، پەیوەندییەکی عەقڵیی پەتییە، کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تێگەیشتن و دیداری فەیلەسووف لەگەڵ هەقیقەت، تێگەیشتن و دیدارێکی پەتی بێت. لە کاتێکدا کە پەیوەندیی پێغەمبەر بە عەقڵی پەتییەوە لە ڕێگەی خەیاڵدانەوەیە، کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پێغەمبەر وێنەی ئەو هەقیقەتانە ببینێت و هەروەها لە ڕێگەی وێنەکانیانەوە بیانناسێتەوە و لە ڕێگەی ئەو وێنانەوە تەعبیریان لێ بکات و شاعیرانە بانگەشەیان بۆ بکات و بە خەڵکیان بناسێنێت، لێرەوەیە کە پەیامی پێغەمبەران جەماوەری و گشتیترە و بۆ هەموانە، لەبەر ئەوەی کە هەموان لە وێنە و نموونەکان تێدەگەن، یاخود دەتوانن وێنە و نموونەی دیکەی لێوە وێنا بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندیی فەیلەسووفەکان لەگەڵ عەقڵی پەتیدا پەیوەندییەکی عەقڵیی پەتییە و تێگەیشتنی ئەوان بۆ هەقیقەت تێگەیشتنێکی پەتییە، پەیام و ڕێگەی ئەوان پەیامی کەمینە و هەڵبژاردەیەك لە خەڵکە، لەبەر ئەوەی کە تێگەیشتن لە هەقیقەت بە شێوەیەکی پەتی، هەروەها بیرکردنەوەی پەتیی خۆی (کە بیرکاری هاوکاریی زۆرمان دەکات لە بەهێزکردنی توانای بیرکردنەوەماندا بە شێوەیەکی پەتی و هەر لێرەشەوەیە ئەفلاتوون بە دەروازەیەکی پێویستی دەزانێت بۆ فەلسەفە)، کارێکی سەختە و لە توانای هەمواندا نییە .

لێرەوە دوو مەسەلەی وابەستە بە دادپەروەری دێتە کایەوە، کە مەسەلەی یەکەمیان زەروورەتی ئایین و مەسەلەی دووەمیان زەروورەتی فەلسەفەمان پێ دەڵێت. ئایا شیاوە کە تەنها ئەو کەسانەی کە هەڵبژاردەن و توانای تێگەیشتنی پەتییان لە هەقیقەت هەیە، تەنها ئەم دەستەبژێرە مامەڵە و وابەستەییان بە هەقیقەتەوە هەبێت و زۆرینە بێبەش بن؟ بێگومان نەخێر، هەر بۆیە ئایین و پێغەمبەرایەتی زەروورەتی خۆیان هەیە بۆ پێشکەشکردنی وێنە و نموونەکانی هەقیقەت و دادپەروەری بە زۆرینە .

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، ئایا شیاوە ئەوانەی کە توانای تێگەیشتنی پەتییان هەیە و دەتوانن بەرەو باڵاتر بڕۆن و بچنە ئەودیو وێنەکان، ئایا شیاوە کە ئەم کەسانە ڕێگەیان لێ بگیرێت یاخود وەدەر بنرێن و ناچار بکرێن بە وێنەکانەوە بگیرسێنەوە، لە کاتێکدا کە ئەوان بەم وێنانە داناکەون؟ بێگومان نەخێر. ئایا ڕەوایە کۆمەڵگەیەك بدرێتە دەست وێنەکانی هەقیقەت و دادپەروەری، کە ئەمە دواجار بە لە یادکردنی مانا عەقڵییەکانی ئەو دوو چەمکە کۆتایی دێت؟ بێگومان نەخێر. هەر لێرەشەوەیە کە فەلسەفە زەروورەتی خۆی هەیە و گەر ئەم لێکچواندنە دروست بێت، فەیلەسووفەکان پێغەمبەری هەڵبژاردەکانن و پێغەمبەرانیش فەیلەسووفن بۆ هەموان، بەڵام هێشتا ئەوەی کە فارابی دەیەوێت بە ئێمەی بڵێت، شتێکە لەوە قووڵتر .

لێرەدا زەروورەتی فەلسەفە و ئایینمان خستە ڕوو لە پەیوەندیدا بە مرۆڤەکان و بە شارەوە، بەڵام پرسیارە ڕیشەییەکە ئەوەیە کە ئایا ئایین پێویستی بە فەلسەفە هەیە و فەلسەفەش پێویستی بە ئایین هەیە و ئەگەر پێویستی لە پەیوەندییاندا بە یەکەوە هەیە، سروشتی ئەم پێویستییە چۆنە؟

بێگومان بەبێ سەلماندنی پێویستیی فەلسەفە بە ئایین و پێویستیی ئایین بە فەلسەفە، ئەوەی بیری لێ دەکەینەوە هەڵدەوەشێتەوە و ناتوانین گرەنتیی ئەوە بکەین کە ئەم دوو هەقیقەتە پێکەوە هەڵبکەن .

وێنەکان چەند تۆکمە و نزیك بن لە هەقیقەتەوە، هێشتا هەر خودی هەقیقەتەکان نین، هەر بۆیە بۆ ناسینی ڕاستەقینەی هەقیقەتەکان و زانینی ئەوەی کە ئەم وێنانە وێنەی چ هەقیقەتێکن و چۆن، فەلسەفە زەروورەتی خۆی هەیە بۆ ئایین و گەر ئایین بەبێ فەلسەفە بژی و بمێنێتەوە، دواجار هەقیقەتەکان لە پشت وێنەکانەوە بە شاراوەیی دەمێننەوە، هەروەها دواجار وێنەکان شوێنی خودی هەقیقەتەکان دەگرنەوە و لەجیاتیی ئەوەی کە ڕووناکی بن بۆ سەر هەقیقەتەکان و سێبەرەکانی هەقیقەتەکان بن، دەبنە پەردە بە ڕووی هەقیقەتەکاندا، هەروەها وێنەکان بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن، بەپێی خەیاڵدانی خاوەنی وێنەکان دەگۆڕێن، بەڵام هەقیقەتە پەتییەکان نەگۆڕن، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە فەلسەفە زەروورە بۆ پاراستنی مانا و یەکێتیی وێنەکان و بەشەڕنەهاتنیان، هەر لێرەشەوەیە کە یەکێك لە زەروورەتەکانی فەلسەفە بۆ ئایینەکان پاراستنی یەکێتیی قووڵی ئەوانە و ڕێگرتنە لە بەگژداچوون یاخود بەگژیەکدادانی ئایینەکان. لەسەر ئاستی یەك ئایینیش، فەلسەفە پێویستە بۆ ڕێگرتن لە سادەلەوحی و بازاڕیبوونەوەی وێنە ئایینییەکان و پارێزگاریکردن لەوەی کە چەندین چینی دیکە لە وێنە و وێناکردن بەسەر یەکدا کەڵەکە نەبێت و ئایین مانای ڕاستەقینەی خۆی، کە ڕێنماییکردن و دەستگرتنی زۆرینەیە بۆ ئەوەی چێژ و وێنایەکی هەقیقەتیان لا بێت، نەگۆڕێت بۆ ئەوەی کە ڕۆڵی سەرلێشێوێنەر ببینێت، بە هۆی پرۆسەی چاولێکەری و بەرهەمهێنانی وێنەی وێنەکانەوە، لە ئاستێکی ڕیشەییتردا فەلسەفە پێویستە بۆ ئایین، بۆ ڕیفۆڕمکردنی خودی هەندێك لەو وێنانەی کە بە هۆی جەبر و کەموکووڕییەکەوە لە پرۆسەی وێناکردن و نموونەپێشکەشکردن و خەیاڵدا هەیە، تووشی خودی وێنەکان خۆی دەبێت و لێرەوە پێویستییان بە چاکسازیی عەقڵی دەبێت و بەبێ ئەم چاکسازییە دەشێت کە خودی ئەو وێنانە ڕۆڵی سەرلێشێوێنەر ببینن .

ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد، هەندێك لە پێویستییەکانی فەلسەفە بوو بۆ ئایین، کە ئەم پێویستییانە دەبنە هۆی ئەوەی وەلاوەنانی فەلسەفە زیانی گەورە لە ئایین خۆی بدات و لێرەوە ئایین نەك نابێت فەلسەفە وەدەر بنێت، بەڵکو پێویستە وەك چاودێرێك و ڕێنماییکەرێك بۆ خۆی باوەشی بۆ بکاتەوە و لە زەروورەت و پێگەی فەلسەفە تێبگات .

بەڵام ئایا فەلسەفە چ پێویستییەکی بە ئایین هەیە؟ لێرەوە نزیك دەبینەوە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە فەلسەفە چەند بەرپرسیارە لە چارەنووسی خۆی لە شاردا، زەروورەتی ئایین بۆ فەلسەفە خودی ئەو زەروورەتەیە کە هونەری شیعر و ڕەوانبێژیی هەیانە، فەیلەسووف کە خۆی لەگەڵ هەقیقەتە پەتییەکاندا مامەڵە دەکات، دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە لە ڕێگەی قودرەتی خەیاڵکردنەوە، وێنەیەك لەو هەقیقەتانە پێشکەش بە زۆرینە بکات، دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە هەقیقەتەکان بێ پەردە و بێ ڕەچاوکردنی توانای تێگەیشتن، توانای پابەندبوون، بێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجەکانی دەربڕینیان دەرنەبڕێن. هەقیقەتەکان خۆیان سروشتیان وایە کە لە شوێنی گونجاو و کاتی گونجاودا و بە شێوەی گونجاو بە کەسانی شایستە و گونجاو دەگوترێت. بەزاندنی ئەم سنوورانە دەشێت کارەساتی گەورەیان لێ بکەوێتەوە، هەر بۆیە فەیلەسووف دەبێت بەپێی عەقڵی ئەوانەی کە بۆیان دەدوێت قسە بکات و حەکیم بێت، هەر لێرەشەوەیە کە فارابی باشترین فەرمانڕەوا بە کەسێك دەزانێت کە هەردوو سیفەتەکەی لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە، فەیلەسووفێکی

پێغەمبەر یاخود پێغەمبەرێکی فەیلەسووف بێت، چ قودرەتی خەیاڵدان و چ قودرەتی عەقڵ و بیرکردنەوەی لە عەقڵی کارا بەهرەمەند بن و ئەوەی بە عەقڵی پەتی درکی دەکات، بتوانێت وێنای بکات و ڕەنگ و بۆنی پێ ببەخشێت .

بیرکردنەوەی فارابی لەوەی کە فەرمانڕەوای شار لە حاڵەتی نموونەیی خۆیدا دەبێت هەم پێغەمبەر و هەم فەیلەسووف بێت، بیرکردنەوەیەکی یۆتۆپی نییە، ئەوەندەی کە وێناکردنێکی ڕاستەقینەی زەروورەتی تەبایی و پشتیوانیکردنی ئەم دوو هێزەیە لە یەکدی. پەیوەندیی ئەم تێگەیشتنەی فارابی لە پێکەوەژیانی فەلسەفە و ئایین و پەیوەندیی بە دادپەروەرییەوە لەوێدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەو سەرەتا لە بیری ئەوەدایە جێوڕێ و پلەوپایەی فەلسەفە و ئایین دیاری بکات، کە هەردووکیان سەرچاوەی ڕێکخستنی بواری گشتی و سەرچاوەی یاسا و فەرمانڕەوایەتین، لەم ڕێکخستن و بیرکردنەوەیەی فارابیدا شوێنی شایستە بە فەلسەفە و شوێنی شایستە بە ئایین و شەریعەتیش دەستنیشان کراوە و بە ڕوونی ئەوە دیارە کە فەلسەفە (عەقڵ بە واتا کەلامییەکەی) چاودێرە بەسەر شەرعەوە (نەقڵ بە واتا کەلامییەکەی) و لێرەوە لە کاتی ناکۆکی و ناتەبایی ئەم دوانەدا، بێگومان باڵادەستی بۆ عەقڵ و فەلسەفەیە، بەڵام فەلسەفەش دەبێت لە باڵایی خۆی، لە تایبەتمەندێتیی خۆی، لە نوخبەویبوونی خۆی تێبگات و بەو شێوە پەتی و بێ پەردەیەی خۆی، دانەبەزێتە ئاستی جەماوەر و زۆرینە، بەڵکو هەمیشە هەوڵ بدات لە وێنەکان سوود وەربگرێت و نموونە و وێنا ئایینییەکان بکاتە قەڵغان بۆ خۆی، بۆ ئەوەی شەوارە بە زۆرینە نەکات، هەروەها فەلسەفە دەبێت لە کۆبوونەوەی زۆرینە لە وێنەکانی هەقیقەت پەند وەربگرێت و ئەو وانەیە فێر بێت کە زۆرینە عاشقی سێبەر و تارماییەکانە و بانگهێشتکردنیان بۆ دەرەوەی ئەشکەوت، بانگهێشتکردنیان بۆ بەردەم ڕووناکیی تەواو، ئەستەمە و زیانی بۆیان هەیە، لە بنەڕەتیشدا پڕۆژەی فارابی بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم ناکۆکییە، پڕۆژەیەکی دوو سەرە: لە لایەکەوە دەبێت فەلسەفە لە پڕۆسەیەکی شرۆڤەیی و ڕاڤەیی گشتگیردا، ئایین وەك شاسیستمی وێناکردنی ویژدانیی بەها کولتووری و ڕۆحییەکان، لەسەرخۆ خاڵی بکاتەوە لە هەموو مانایەك جگە لە مانا پەتییەکانی خۆی، دەبێت لەسەرخۆ ئەو کارە بکات کە خودا وێنەی عەقڵ و جوبرەئیل وێنەی داهێنان بێت. هەروەها دەبێت، فەلسەفە بکاتە فەلسەفەیەکی هرمنیۆتیکی و لە پەروەردەی فەلسەفیدا عەقڵ و ئەویدییەکەی (خەیاڵ)، پێکەوە پەروەردە بکات و تایپێك لە فەیلەسووف دروست بکات، کە شاعیری فەیلەسووف، حەکیمی سۆفستایی و بە کورتی فەیلەسووف پێغەمبەر بێت، مرۆڤێك کە عەقڵ و خەیاڵی ئینشیقاقیان نەکردووە !

گرنگیی ئەم پڕۆژە فەلسەفییەی فارابی کاتێك بە ڕوونی دەردەکەوێت کە گەشتێك بە نێو هەموو ئەو میراتە ئیسلامییەدا بکەین، هەروەها ئەو میراتە فەلسەفییەی کە دوای ئەو دەربارەی پەیوەندیی نێوان عەقڵ و نەقڵ یاخود دەربارەی پەیوەندیی نێوان حیکمەت و شەریعەت بەرهەم هاتووە، بەتایبەت لای فەیلەسووفێکی گەورەی وەك ئیبن ڕوشد (١١٢٦-١١٩٨ ).

ئیبن ڕوشد لە الچروری فی السیاسەدا گەشتێکی دیکە بە ناو کۆماری ئەفلاتووندا دەکات، لە ڕواڵەتدا وادیارە کە دەیەوێت ئەرستۆییزەی ئەفلاتوون بکات، هەروەها گەڕانەوە بۆ ئەفلاتوون بەوە پاساو دەدات کە سیاسەتی ئەرستۆی دەست نەکەوتووە ، بەڵام پڕۆژەی گەڕانەوە بۆ ئەفلاتوون لە لایەن ئیبن ڕوشدەوە تەواوکەری هەمان ئەو کێشە و نیگەرانی و پڕۆژە فەلسەفییە سیاسییەیە، کە فارابی دەستی پێ دەکات و لە ئیبن ڕوشددا بە ئاستی دیکە دەگات، چ لە ڕووی جەختکردنەوە، لەسەر پێویستیی فەلسەفە بۆ شار و ڕێکخستنی بواری گشتی، کە ئەم پێویستییە

لەوەوە دێت کە ئەم هونەر و بوارە (سیاسەت) هونەرێکی فەلسەفیی وابەستە بە فەلسەفەی عەمەلییە و زانستە، بۆیە دەبێت وەك زانست بخوێندرێت و سودی لێ وەربگیرێت. چ وەك زەرووڕەتی عەقڵ بۆ تێگەیشتنی دروست لە نەقڵ و لە کۆی گێڕانەوە ئایینییەکان و شەریعەت، کە ئیبن ڕوشد لە کتێبی فصل المقالدا بە وردی کاری لەسەر ئەوە کردووە، کە چۆن لە کاتی دروستبوونی هەر ناتەباییەکدا لە نێوان عەقڵ و وەحیدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ عەقڵ و ڕواڵەتی تێکستە ئایینییەکان لە ڕێگەی تەئویلەوە بەو ئاقارەدا ببەین کە لەگەڵ عەقڵ و ئامانجەکانی بیرکردنەوەی عەقڵیدا بگونجێت . چ وەك زەرووڕەتی ئەوەی کە فەلسەفەی سیاسی پێویستە بۆ دەوڵەت و ڕێکخستنی شار هەروەك چۆن هەر زانستێکی دیکە پێویستە بۆ هەڵسوکەوت و ڕێکخستنی دروست لە بوار و بابەتی تایبەتی خۆیدا، هەر لێرەشەوە ئیبن ڕوشد داوای ئەوە دەکات کە کاروباری شار و بواری گشتی لە پیاوانی شەریعەتناس و مەلاکان وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە دەست کەسانی شارەزا و لێهاتوو لە بواری سیاسەتدا، کەسانێك کە دەشێت، لە ڕێگەی پرۆسەیەکی پەروەردەیی دروستەوە بۆ ئەم مەبەستە پەروەردە و ساز کرابن.

بەم شێوەیە، دەتوانین مانای ڕاستەقینەی دادپەروەری لە دیدی سیاسیی فارابیدا لە ڕێکخستنێکی عەقڵانی و هیرارکیدا بەدی بکەین، کە ئەم ڕێکخستنە ئەگەرچی ڕێکخستنێکە لەسەر ئاستی سیاسی، بەڵام لەسەر تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ ڕێکخستن لە بوون و ڕێکخستن لە ڕۆحدا، دامەزراوە و لە ژێر سایەی ئەودا داڕێژراوە و تێگەیشتنێکە لە سروشت و پایە و بەها و مانای ڕەوایەتی و ڕۆڵ و شایستەییەکاندا خۆی دەبینێتەوە و لەڕاستیدا لەبری ئەوەی کە چاوی لە یەکسانی بڕیبێت، چاوی لە جیاوازی و پلەبەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بڕیوە، جیاوازی و پلەبەندی و دابەشکردنێك کە ئامانج لێی لە ڕووی دەرەکییەوە نرخاندن و پێزانین و دەستنیشانکردنی کەسی شایستە و بوونی شایستەیە بۆ ڕۆڵ و ئامانجی شایستە بە خۆی و ڕاسپاردنیەتی بۆ ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتی و شایستەییانەی کە پێزانین و نرخاندن بۆ چۆنایەتیی ئەو بوونە و ئەو کەسە دەگێڕنەوە و لە هەمان کاتدا دەیخەنە خزمەت بواری گشتی و خودی ئەو کۆبونەوە ئینسانییەوە کە ئەو ئەندامە تێیدا، ئەمەش لەپێناو چاکەی گشتی و چاکەی خودیی ئەو بوونە خۆیدا، کە وەك باسمان کرد ئەم دوو چاکەیە پەیوەندیی ئۆرگانی و تۆکمە و تەواوکاری یەکدی لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها لەپێناو بەرەو باڵا و بەرەو کەماڵ و بەرەو بەختەوەربیردنی تاك و بەرەو کەماڵ و بەرەو باڵاو بەرەو بەختەوەربیردنی هەمواندا، ئەوەی کە تازە و زۆر تایبەتە بە فارابی، بیرکردنەوەیەتی لە تیۆرییەك کە لە ڕووی دەرەکییەوە لە تیۆری دوو شمشێر دەچێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا گێڕانەوەی گرنگییە بۆ فاکەڵتیی خەیاڵ و تێگەیشتنە لە ئایین وەك ژانرێکی ئەدەبی، کە بەختەوەریی فەیلەسووف لە شاردا بەسراوەتەوە بە شرۆڤە و تەئویلی بەردەوامیەوە، هەر چۆن بەختەوەریی مرۆڤ لە خودی خۆیدا بەسراوەتەوە بە فەرامۆشنەکردن و هاوشان پەروەردەکردن و گەشەپێدانی فاکەڵتیی خەیاڵەوە لەگەڵ عەقڵی بورهانی و پەتیی خۆی، بە بڕوای ئەو بەختەوەریی ئێمە بەسراوەتەوە بە هاوسەنگڕاگرتنی عەقڵ و خەیاڵەوە، بەسراوەتەوە بە تێگەیشتنێکی ئیماجینەیشناڵەوە لە سروشتی هەقیقەت و واقیع .

بێگومان بەرەو باڵا و کەماڵ و بەختەوەرپرۆیشتن خۆی بە مانای پێگەیشتن و پەروەردەبوونی فەلسەفیی زیاتر و دواجار بە مانای نزیکبوونەوە لە تێگەیشتنی عەقڵیی پەتی و بە مانای نزیکبوونەوە لە تێگەیشتنی تیۆری، واتە نزیکبوونەوە لە توانای فەلسەفاندن و بیرکردنەوەی فەلسەفی و بە واتای نزیکبوونەوە لە فەلسەفە دێت، کە ئەمەش خۆی بە واتای گەشەکردن و پێگەیشتنی عەقڵیی زیاتر و نزیکبوونەوە لە فەرمانڕەوایەتی دێت، فەرمانڕەوایەتی لەسەر ئاستی

خود و لەسەر ئاستی گشتی، کە ئەمەش خۆی بە مانای نزیکبوونەوە لە ئازادی و خودفەرمانڕەوایی و سەربەخۆیی تاکەکەسی و ئۆرستۆکراسی و لیبڕاڵیزم، بە مانا ڕۆحی و ڕەسەنەکەی دێت. بەم شێوەیە دواجار دەتوانین بڵێین کە تێگەیشتنی فارابی لە چەمکی دادپەروەریی تێگەیشتنێکی لیبڕاڵ و ئازادی و جیاوازیخوازە، بەڵام ئەم جیاوازیخوازییە لانیکەم لە ئاستی تیۆریدا و بەو شێوەیەی کە ئەو بیری لێ کردووەتەوە، لە فۆڕمێکی وەستاوی چینایەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو لە جۆرێك لە چینایەتیدا کۆتایی پێ دێت کە لەسەر پڕۆسەی پەروەردە و خۆپێگەیاندن و لەسەر مانایەکی ئیجابی و دینامیکی بۆ سروشتی بوونەکان بەندە و بەندە بەوەی کە نرخاندن و پێزانین مانای ڕاستەقینە و دینامیکیی خۆیان لەدەست نەدەن و ئەو ڕێکخستن و داڕشتن و جیاوازی و هیراکییەتە بە شێوەیەك بێت کە بوار بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، هەروەها ئاڵوگۆڕی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بڕەخسێنێت، لە ڕێگەی پڕۆسەیەکی پەروەردەیی و دروستەوە کە دەرفەت بدات بەوەی کە تا ئەو شوێنەی شیاوە و دەشێت، بوونەکان و تاکەکان و کۆی ئەو کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییە، چاو لە چاکە و بەرەوباڵاچوون و کەماڵی خۆی ببڕێت، چاو لەوە ببڕێت کە چ لە پەیوەندیدا بە خۆی و چ لە پەیوەندیدا بە بواری گشتییەوە، لە باشترین دۆخی بوونی خۆیدا بێت. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە لە دیدی فارابییەوە، کێشەی گەورە بۆ هەموو چەمکەکان و بۆ هەموو بوونەکان و بۆ هەموو ئاستەکان لە ئینشیقاقی عەقڵ و خەیاڵەوە دەست پێ دەکات و دروست دەبێت، ڕەنگە فارابی بیەوێت پێمان بڵێت کە ڕیشەی هەموو نەهامەتییەکان، ئەم ئینشیقاق و دابڕانەیە، دابڕانی بیوتیك لە لۆژیك، دابڕانی ڕەوانبێژیی لە عەقڵ، یاخود بە پێچەوانەوە، ئەمەیە سەرچاوەی نەهامەتییەکان و کارەساتی گەورەی فەلسەفەی لە شاردا .

ڕاستە بوونەکان خاوەنی چییەتی و شوناسی تایبەتی خۆیانن، بەڵام لە ناو زنجیرەیەکیش لە بووندان کە بە چاکەی گشتی و پەتی کۆتاییان دێت، کە ئەم چاکە گشتی و پەتییە خودی عەقڵ و خودی بوون خۆیەتی، هەر بۆیە بەرەو کەماڵچوونی هەر بوونێك هیچ نییە جگە لە نزیکبوونەوەی لە چییەتیی بوونێکی باڵاتر لە خۆی، کە ئەو باڵاییەش هیچ نییە جگە لە کەماڵی تەواو و ڕاستەقینەی خودی ئەو بوونە خۆی و... هەروەها، لە هەر ئاستێکیش لە ئاستەکانی ئەو جووڵە و بەرەو باڵاچوونانەدا، پەلە و پێگەیەك هەیە، شتێك هەیە و هاوتایەك، ڕاستییەك هەیە و وێنایەك کە جیابوونەوەیان لە یەك و بەشەرِدانیان و جودا و جیاواز بینینیان، سەرچاوەی نەهامەتییەکانە، سێبەرەکان نابێت بسڕێنەوە و بڕەوێنەوە، دەبێت تەئویل بکرێن، دەبێت بگوترێت کە سێبەری چی و کێن، لێرەشەوە دەبێت بمێنن و سەیر بکرێن، دەبێت ڕاستییە پەتییەکان بکرێن بە بینراو، وێنە بینراوەکانیش ببرێنەوە سەر واتا پەتییەکانیان، تا بە خودی بوون و خودی عەقڵ و خودی چاکە خۆی دەگات و ئەمەش مانای قووڵ و ڕاستەقینەی یەکێتیی بوون و ئەو هەقیقەتە گەردوونییەیە کە تیۆری فەیز دەیەوێت گوزارشتی لێ بکات .

هەر بۆیە گەیشتنی هەر بوونێك بە پلەوپایە و شایستەییەکی باڵاتر، هیچ نییە جگە لە گەیشتنی ئەو بوونە بە کەماڵ و بە هەقیقەتی خۆی، هیچ نییە جگە لە گەیشتنی ئەو بوونە بە دەرکەوتنی ڕاستەقینەی خۆی و ئەمەش دەرچوون نییە لە سنووری شوناس و سروشتی خودی ئەو بوونە خۆی، بەڵکو ئەمە ئامانجێکی باڵاشە کە دەبێت پڕۆسەی پەروەردە و فەرمانڕەوایەتی چاوی لێ ببڕێت و هەوڵی بۆ بدات. ئامادەییەکان لە سروشتی بوونەکاندا ئامادەییان هەیە، بەڵام بەشێکی بنەڕەتییش لەم پڕۆسەیە وابەستەی ئیرادە و ئازادی و چاوبڕینی هۆشیارانەی تاکەکان و شارەکانە لە چاکەی خۆیان، چ لەسەر ئاستی گشتی و چ لەسەر ئاستی تایبەت، هەر بۆیە باشترین

کۆبوونەوەی مرۆیی و باشترین ڕێکخستن و سیستمی سیاسیی ئەو کۆبوونەوە و ڕێکخستن و سیستمەیە کە هیچ نییە جگە لە هاودەنگی و هاوڕایی و هاریکاریی گشتی و هۆشیارانە بۆ گەیشتن بە چاکەی هەموان .

هاریکاری گەوهەری کۆبوونەوە مرۆییەکانە، هاریکاری و پشتیوانیی یەکدی، بەڵام ئەم هاریکارییە لەپێناو چیدا؟ بێگومان تەنها لە یەك کاتدا شایستەی ئەوەیە کە بەڕاستی ناوی هاریکاریی لێ بنرێت، ئەویش ئەو کاتەی کە لەپێناو چاکە و بەرەو کەماڵچووندایە .

سیاسەت ئەو پڕۆسەیە کە مانا بەو کۆبوونەوە و هاریکارییە دەبەخشێت، دادپەروەرییش ئەو ئامانجەیە کە مانا بە سیاسەت دەبەخشێت، لە دەرەوەی چاکەش هیچ شتێکی دادپەروەرانە بوونی نییە.